ZANÎNGEHA BÎNGOLÊ
ENSTÎTUYA ZIMANÊN ZINDÎ
ŞAXA MAKEZANISTA ZIMAN Û EDEBIYATA KURDÎ

# FIRAWANKIRDINÎ GIRÊYÎ NAW LE ZARÎ KIRMANCÎ NAWERASTÎ ZIMANÎ KURDÎ DA

**Amadekar**

**SAMAN RAMAZAN ABDULLAH KHOSHNAW**

**TEZA LÎSANSA BILIND**

**ŞÊWIRMENDÊ TEZÊ**

**Dr. Öğr. Üyesi Hemin Omar AHMAD**

**Bîngol - 2023**

**BİNGÖL ÜNİVERSİTESİ**
**YAŞAYAN DİLLER ENSTİTÜSÜ**
**KÜRT DİLİ VE EDEBİYATI ANABİLİM DALI**

# ORTA KÜRTÇEDE GENİŞLEYEN AD TAMLAMALARI

**Hazırlayan**
**SAMAN RAMAZAN ABDULLAH KHOSHNAW**

**YÜKSEK LİSANS TEZİ**

**TEZ DANIŞMANI**
**Dr. Öğr. Üyesi Hemin Omar AHMAD**

**Bingöl – 2023**

کۆماری تورکیا
زانکۆی بینگۆل
ئینستیوتی زمانە زیندووەکان

# فراوانکردنی گرێی ناو
# لە زاری کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا

سامان ڕەمەزان عەبدڵلە

بە سەرپەرشتی

پ.ی.د. هێمن عومەر ئەحمەد

2023

پێشەکی 2
**بەشی یەکەم: گرێ لە زمانی کوردیدا 7**
1-١: چەمک و پێناسەی گرێ: 7
1-2: تایبەتمەندییەکانی گرێ لە زمانی کوردیدا 10
1-٣: جۆرەکانی گرێ لە زمانی کوردیدا 13
1-3-1: گرێی ناوی: 13
1-3-2: گرێی کاری 13
1-3-3: گرێی ئاوەڵکاری 16
1-٣-4: گرێی بەند 18
1-٣-5: گرێی ئاوەڵناوی 19
**بەشی دووەم: گرێی ناوی لە زمانی کوریدا 23**
2-١: چەمک و پێناسەی گرێی ناوی: 23
2-٢: جۆرەکانی گرێی ناوی لە ڕووی ڕۆنانەوە 26
2-٢-١: گرێی ناوی سادە 26
2-٢-١-١: گرێی ناوی سادەی ناوک 26
2-2-1-2: گرێی ناوی سادەی فراوانکراو 28
2-٢-١-٢-١: دیارخەرەکانی پێش سەرە 28
2-٢-١-٢-٢: دیارخەرەکانی پاش سەرە 34
2-٢-٢: گرێی ناوی لێکدراو: 42
2-٢-٢-١: لێکدانی دوو گرێی سادە، یان زیاتر بەهۆی مۆرفیمی(و) 42
2-٢-٢-٢: لێکدانی دوو گرێی سادە، یان زیاتر بەهۆی مۆرفیمی (لەگەڵ): 44
2-٢-٣: گرێی ناوی ئاڵۆز 45
**بەشی سێیەم: گرێی ناوی و دۆخ و ڕێککەوتن 47**
3-1: گرێی ناوی و دۆخ 47
3-1-1 دۆخی نۆمینێتیڤ 48
3-1-2 دۆخی ئەکیوزەتیف 50
3-1-3 دۆخی داتیڤ: 53

| | |
|---|---|
| 3-1-4 دۆخی خستنەسەر: | 54 |
| 3-1-5 دۆخی کات: | 54 |
| 3-1-6 دۆخی شوێن: | 54 |
| 3-1-7 دۆخی بانگکردن: | 55 |
| 3-1-8 دۆخی ئێرگەتیڤ | 55 |
| 3-1-8-1 ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆجی: | 56 |
| 3-2 گرێی ناوی و ڕێککەوتن | 57 |
| 3-2-1 ڕێککەوتنی بکەر و کار لەگەڵ یەکتردا: | 59 |
| 3-2-2 ڕێککەوتنی بکەر و بەرکار لەگەڵ یەکتردا: | 60 |
| 3-2-3 ڕێککەوتنی بەرکار و کار لەگەڵ یەکتردا: | 60 |
| 3-2-4 ئێرگەتیڤی سینتاکسی | 60 |
| ئەنجام | 63 |
| سەرچاوەکان | 65 |

# BİLİMSEL ETİK BİLDİRİMİ

Yüksek Lisans tezi olarak hazırladığım *Firawankirdinî Girêyî Naw le Zarî Kirmancî Nawerastî Zimanî Kurdî* adlı çalışmanın öneri aşamasından sonuçlanmasına kadar geçen süreçte bilimsel etiğe ve akademik kurallara özenle uyduğumu, tez içindeki tüm bilgileri bilimsel ahlak ve gelenek çerçevesinde elde ettiğimi, tez yazım kurallarına uygun olarak hazırladığım bu çalışmamda doğrudan veya dolaylı olarak yaptığım her alıntıya kaynak gösterdiğimi ve yararlandığım eserlerin kaynakçada gösterilenlerden oluştuğunu beyan ederim.

03/05/2023

SAMAN RAMAZAN ABDULLAH KHOSHNAW

**BİNGÖL ÜNİVERSİTESİ**
**YAŞAYAN DİLLER ENSTİTÜSÜ MÜDÜRLÜĞÜNE**

***Saman Ramazan Abdullah Khoshnaw*** tarafından hazırlanan **"*Firawankirdinî Gireyî Naw le Zarî Kurmancî Nawerastî Kurdî da*"** başlıklı bu çalışma, *05.05.2023* tarihinde yapılan tez savunma sınavı sonucunda *oybirliği ile* başarılı bulunarak jürimiz tarafından Kürt Dili ve Edebiyatı Anabilim Dalı'nda Yüksek Lisans tezi olarak kabul edilmiştir.

**Tez Jürisi Üyeleri (Unvanı, Adı ve Soyadı)**

| | | |
|---|---|---|
| **Başkan** | : Dr. Öğr. Üyesi Zafer AÇAR | İmza: ………………….. |
| **Danışman** | : Dr. Öğr. Üyesi Hemin OMAR AHMAD | İmza …………………… |
| **Üye** | : Dr. Öğr. Üyesi Kenan SUBAŞI | İmza: ………………….. |

**ONAY**

Bu Tez, Bingöl Üniversitesi Yaşayan Diller Enstitüsü Yönetim Kurulunun ...../..../ 2022 tarih ve ........... sayılı oturumunda belirlenen jüri tarafından kabul edilmiştir.

Dr. Öğr. Üyesi Abdullah BEDEVA
Enstitü Müdürü

## پوختەی لێکۆڵینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە کە بەناوی (فراوانکردنی گرێی ناو لە زاری کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا) هەوڵێکە بۆ لێتوێژینەوە لە بابەتێکی ڕێزمانی کوردی، کە ئەویش گرێی ناوییە، تێیدا لە ئاستی فراوانکردنی دەکۆڵێتەوە، بە جۆرێك لەنێو زارەکانی زمانی کوردیدا تەنیا زاری کرمانجی ناوەڕاست بە نموونە وەرگیراوە. گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە وێڕای بارە نیمچە ستاندارەکەی کرمانجی ناوەڕاست، هەندێ شێوەزار و گۆڤەری ناوچەییش وەك کەرەستەی توێژینەوە وەرگیراون، کە بوونەتە سیمایەکی دیاری فراوانکردنی گرێی ناوی لە زمانی کوردیدا. توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەسفیی شیکاری بەستووە و تێیدا وێڕای ئاستە تیۆرییەکە، گرێی ناوی لەڕووی فراوانکردنەوە بەتێروتەسەلی باسکردووە، بەتایبەت لە پەیوەندیی لەگەڵ دۆخ و ڕێککەوتن، وردەکاریی دۆخەکانی زمانی کوردیی و ڕێککەوتنی گرێی ناوی لەنێوان بکەر و کار، بکەر و بەرکار، بەرکار و کار، ئێرگەتیڤی سینتاکسی باسی لێوە کراوە. ئەو ئەنجامانەشی لەم توێژینەوەدا بەدەستهاتن ئەوەیان دەرخست، کە گرێی ناوی دەتوانرێت بێسنوور بەهۆی مۆرفیمەکانەوە فراوان بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە شێوەزارەکانی سەر بە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا گرێی ناویی ناوك چەند دۆخێك وەردەگرێت و لەگەڵ چەند بارێکی ڕێزمانیشدا ڕێککەوتنی ئێرگەتیڤی دروست دەکات. لە هەمان کاتدا سوود و گرنگی لێکۆڵینەوەکە:ڕێگایەکە بۆ تێگەیشتن لە گرێ و ڕوونکردنەوەی هەموو ئەو کەرەستانەی گرێی ناوی فراواندەکەن، ئینجا چ لەپێش سەرە بن، یان لە دوای سەرە بن.



**وشەی کلیلی:**

گرێی ناوی، فراوانکردن، شێوەزارەکانی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی، دۆخ، ڕێککەوتن.

## SUMMARY

This study, titled "Expanding Noun Phrases in Middle Kurdish," aims to investigate the noun phrase in Kurdish grammar, specifically focusing on its expansion level. The research primarily focuses on Middle Kurdish, using it as an illustrative example. The significance of this study lies in its inclusion of not only the semi-standard variety of Central Kurdish but also various dialects and regional variations, which exhibit distinctive characteristics in expanding the noun phrase in Kurdish. The research adopts a descriptive analysis approach, thoroughly examining the expansion of the noun phrase, particularly its relationship with the situation and agreement aspects, as well as the syntactic details of the Kurdish language. The findings indicate that noun phrases can be expanded indefinitely through morphemes. However, in Central Kurdish dialects, the central element takes on multiple positions and forms ergative agreements under various grammatical conditions.

**Keywords:** Noun, Noun Phrase, Expansions, Dialects of Middle Kurdish, Case, Agreement

# ÖZET

“Orta Kürtçede Genişleyen Ad Tamlamaları” başlıklı bu çalışma, Kürtçe dilbilgisindeki ad tamlamasını, özellikle açılım düzeyine odaklanarak incelemeyi amaçlamaktadır. Araştırma, öncelikli olarak Orta Kürtçedeki örneklere odaklanmaktadır. Bu çalışmanın önemi, sadece Orta Kürtçenin yarı standart çeşitliliğini değil, aynı zamanda Kürtçe isim tamlamasının genişletilmesinde ayırt edici özellikler sergileyen çeşitli lehçeleri ve bölgesel varyasyonları da içermesinde yatmaktadır. Araştırma betimleyici bir yaklaşım benimsemiş, isim tamlamasının açılımını, özellikle durum ve anlaşma yönleriyle olan ilişkisini ve Kürtçenin sözdizimsel ayrıntılarını derinlemesine incelemiştir. Bulgular, isim tamlamalarının biçimbirimler yoluyla sınırsız olarak genişletilebileceğini göstermektedir. Ancak Merkezi Kürt lehçelerinde merkezi unsur birden fazla konum alır ve çeşitli gramer koşullarında ergatif anlaşmalar oluşturur.

**Anahtar kelimeler:** İsim, İsim Tamlaması, Genişleme, Orta Kürtçe lehçesi, Durum, Uyum

# پێشەکی

## پێشەکی

### 1- ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (فراوانکردنی گرێی ناوی لە زاری کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا) یە، کە تەرخانکراوە بۆ ناساندن و باسکردن و ڕوونکردنەوەی گرێی ناوی لە زمانی کوردی بەگشتی و شێوەزارەکانی نێو کوردیی ناوەڕاست بە تایبەتی.

### 2- سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوەکە لەبارەی بابەتی گرێ و جۆرەکانی گرێیە، ئەویش تەنیا لە سنوور و چوارچێوەی زاری کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدایە، بەو واتایەی ئەو نموونانەی هێناوماتەوە، هی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردییە، لەگەڵ ڕەچاوکردن و بەهەند وەرگرتنی شێوەزارەکانی نێو زارەکە.

### 3- سوود و گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

١- ڕێگایەکە بۆ تێگەیشتن لە گرێ.

٢- ڕوونکردنەوەی هەموو ئەو کەرەستانەی گرێی ناوی فراواندەکەن، ئینجا چ لەپێش سەرە بن، یان لە دوای سەرە بن.

### 4- هۆی هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە:

فراوانکردنی گرێی ناوی بە کەرەستە جۆربەجۆرەکان بە شێوەیەکی فراوان و گشتگیر باسنەکراوە، یان ئەگەر باسیش کرابێت، ئەوا بەپێی ناونیشانی نامەکانیان باسیانکردووە، نەك وەك گرێی ناوی لە بابەتێکی سەربەخۆدا، وێڕای ئەمەش ئەوەی باسکرابێ زیاتر لە چوارچێوەی کوردیی ناوەڕاستە نیمچەستاندارەکە بووە و شێوەزار و گۆڤەرەکانی نیو زارەکە ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە، بێگومانیش باسکردنی ئەو شێوەزارانە گۆڕانکاریی لە بوارە ڕێزمانییەکەدا دەخاتەڕوو. گرنگترین ئەو تێزانەی نزیکن لە بابەتەکە و بوونەتە سەرچاوەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

1- ئەحمەد حەسەن فەتحوڵڵا (1990)، بکەر وەك بەشێکی سەرەکی ڕستە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی ئاداب.

2- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠)، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

3- خەسرۆ ئەحمەد ڕەسوڵ (2007)، بەرکار لە زمانی کوردیدا ـ بەپێی ڕێبازی فۆڕمی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی زمان.

4- ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٢٠)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، چاپی سێیەم، چاپخانەی جەنگەڵ، تاران.

5- دیار علی کمال(2002)، ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی پەروەردە.

6- شوان حەیدەر حەسەن (٢٠١٥)، ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.

7- طالب حسين على(1998)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتورا، بەشی کوردی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.
8- عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان(2009)، فرێزی بەند لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە.
9- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (2010)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

بۆیە لەم نامەیەی ئێمەدا هەوڵدەدرێت زۆربەی ئەو کەرەستانەی بەهۆیەوە گرێی ناوی پێ فراواندەکرێت، بخرێتەڕوو، هەروەها ئەوەی ئێمە لە نامەکانی تر جیادەکاتەوە، باسکردنی گرێی ناوییە بەشێوەیەکی فراوان بە ڕەچاوکردنی بەشی زۆری شێوەزارەکانی نێو زاری کرمانجی ناوەڕاست.

**٥- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە، ڕێبازی وەسفی شیکارییە، کە شیکردنەوە و خستنەڕووی بابەت و پۆلێنکردن و لێکدانەوەی چەمک و پێناسە و وەسفکردن و هێنانەوەی نموونە بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە گرێ دەگرێتەوە، بەو واتایەی بەهۆی ئەم ڕێبازەوە شرۆڤەی بابەتی گرێمان لە زاری کرمانجیی ناوەڕاست کردووە.

**6- کەرستەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، زاری کرمانجی ناوەڕاست بەکارهاتووە، کە زارێکە لە زارەکانی زمانی کوردی. هەروەها بە هەند زانراوە کە لەنێو زاری کرمانجی ناوەڕاستدا چەند گۆڤەرێکی وەك ناوچەکانی خۆشناوەتی، ڕەواندز و بەشێك لە موکری وەك کەرەستە وەربگیرێت، چونکە ئەم ناوچانە وێڕای ئەوەی لەم بوارەدا کەمتر قسەیان لەسەر کراوە، لە هەمان کاتیشدا لە چاو زمانی نووسین و ستاندار گرێی فراوانکراویان زیاتر تێدا دەبینرێ.

7- کێشەی لێکۆڵینەوەکە:

گرفتی هەرە سەرەکیی لەم توێژینەوەیەدا، بریتی بوو لە هەمەجۆری و جیاوازیی لە گۆڤەر و شێوەزارەکانی سەر بە زاری کرمانجی ناوەڕاست، ئەمە لەلایەك دەوڵەمەندیی بوو بۆ کەرەستەی توێژینەوەکەمان، لەلایەکی تریش کۆنترۆڵکردنی هەموو گۆڤەرەکان زەحمەتییەك بوو کە پێشتر توێژینەوەکان ئاوڕیان لێ نەدرابۆوە، بەمەش توێژینەوەکە هەوڵیدا بەشێك لە کارەکەی بکاتە مەیدانی و ئاخاوتنی نێو گۆڤەرە جیاوازەکان بکاتە کەرەستەی توێژینەوە.

8- پرسیارەکانی لێکۆڵینەوەکە:

بێگومان هەموو توێژینەوەیەك پێویستە چەند پرسیار و گریمانەیەك لەخۆبگرێت، گرنگترین ئەو پرسانەی کە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێ وەڵامی بداتەوە، بریتین لە:

ئایا گرێ چەند جۆری هەیە؟

گرێی ناوی لەڕووی ڕۆنانەوە دەبێتە چەند جۆر؟

ئەو کەرەستانەی گرێی ناوی فراواندەکەن چین؟
ڕادەی فراوانکردنەکە لە زاری نیمچەستانداردی کرمانجی ناوەڕاست بە بەراورد لەگەڵ شێوەزار و گۆڤەرەکانی زارەکە چۆنە و فراوانکردن و پەیوەندیی لەگەڵ دۆخ و ڕێککەوتن چۆن بەرجەستە دەبێ؟
هەموو ئەم پرسانە هەوڵدراوە بە هێنانەوەی نموونەی نووسراو و زارەکیی وەڵام بدرێتەوە.

**9- ناوەرۆك و پلانی لێکۆڵینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەك و سێ بەش پێکهاتووە:
بەشی یەکەم، کە بە ناونیشانی (گرێ لە زمانی کوردیدا)یە، ئەم ناونیشانانە لەخۆدەگرێت: (چەمک و پێناسەی گرێ، تایبەتمەندییەکانی گرێ لە زمانی کوردیدا، جۆرەکانی گرێ لە زمانی کوردیدا، گرێی ناوی، گرێی کاری، گرێی جێناوی، گرێی ئاوەڵکاری، گرێی بەند، گرێی ئاوەڵناوی و گرێی ڕادە).
بەشی دووەم، کە بە ناونیشانی (گرێی ناوی لە زمانی کوریدا) دایە، ئەم سەرەبابەتانە لەخۆدەگرێت: (چەمک و پێناسەی گرێی ناویی، جۆرەکانی گرێی ناوی لە ڕووی ڕۆنانەوە، گرێی ناویی سادە، گرێی ناویی سادەی ناوک، گرێی ناویی سادەی فراوانکراو، دیارخەرەکانی پێش سەرە، ئامرازی دەرهاوێشتن، جێناوی نیشانە، ژمارە، ئامرازەکانی نیشانە، وشەی ڕادە(چەندێتی)، مۆرفیمی پرس، وشەی نەفی، وشەکانی نازناو، ئاوەڵناو و ئاوەڵناوی پلە باڵا، ناوی ئاوەڵکاری، زیاتر لە کەرەستەیەک، دیارخەرەکانی پاش سەرە، ئاوەڵناو، ناو، چاوگ، جێناوی کەسی سەربەخۆ، جێناوی لکاو، لاڕستە، جێناوی نادیار، نیشانەی ناسراوی، خاوەندارێی زگماکی، نیشانەی کۆ، ڕادە، نیشانەکانی کۆ و ناسراوی، ژمارە، نیشانەی نەناسراوی، وشەکانی (وا، وەها، ئاوەها)، ئاوەڵناوی پلەی بەراورد، نازناو، مۆرفیمی پرس، ئاوەڵکار، پێشبەند، گرێی ناوی لێکدراو، لێکدانی دوو گرێی سادە، یان زیاتر بەهۆی مۆرفیمی(و)، لێکدانی دوو گرێی سادە، یان زیاتر بەهۆی مۆرفیمی (لەگەڵ) و گرێی ناوی ئاڵۆز)، بەشی سێیەم لەژێر ناوی گرێی ناوی و دۆخ و ڕێککەوتن، لە دوو بەند پێکهاتووە . بەندی یەکەم بە ناوی گرێی ناوی و دۆخ ئەم ناونیشانانە لەخۆدەگرێت: دۆخی نۆمینێتیڤ، دۆخی ئەکیوزەتیڤ، دۆخی داتیڤ، دۆخی خستنەسەر، دۆخی کات، دۆخی شوێن، دۆخی بانگگردن و دۆخی ئێرگەتیڤ. بەندی دووەم بەناوی گرێی ناوی و ڕێککەوتن باسی ڕێککەوتن لەنێوان بکەرو کار، بکەر وبەرکار، بەرکار و کار، ئێرگەتیڤی سینتاکسی کراوە.
لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی نامەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.
ماوەتەوە بڵێم کە سوپاسی تایبەتم بۆ مامۆستای بەڕێزم (پ. ی. د.هێمن عومەر خۆشناو)، کە ماندوونەناسانە و هاوڕێیانە، ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەمی لە ئەستۆ گرت و هەموو هاوکارییەکی پێویستی کردم، تاوەکو نامەکەم هاتە بەرهەم. هەروەها سوپاسی ئەو هاوڕێ و مامۆستا خۆشەویستانە دەکەم، کە لە دابینکردنی سەرچاوەکاندا هاوکارییانکردووم و سوپاسی سەرجەم فەرمانبەرانی کتێبخانەی کۆلێژەکەم دەکەم، کە زۆر

هاوکارم بوون، بە تایبەتی د. خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو و د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، کە چەند سەرچاوەیەکیان خستەبەردەستم .

# بەشی یەکەم:  گرێ لە زمانی کوردیدا

بەشی یەکەم: گرێ لە زمانی کوردیدا

## ١-1: چەمک و پێناسەی گرێ:

ڕێزماننووسان بەشێوەی جیاواز باسی گرێیان کردووە، بەشێوەیەک لە بەکارهێنانی زاراوەی گرێش بۆچوونی جیاواز لە نێوانیاندا هەیە. هەندێک لەو ڕێزماننوسانە زاراوەی(دەستەواژە)ی لەجیاتی گرێ بەکاردێنن، لەوانە نوری عەلی ئەمین[1]، بەڵام ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی زاراوەی (گرێ) ی بەکارهێناوە[2]، بەڵام هەر یەکە لە حاتەم ولیا و عەبدولجەبار مستەفا و نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو[3] زاراوەی (فرێز) یان لەجیاتی گرێیان بەکارە[4]،[5]، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کەوا زمانەوانان زاراوەی جیاوازییان بەکارهێناوە، هەر چەندە ئەم زاراوانە لە ڕووی فۆڕمەوە جیاوازن، بەڵام هەموویان لە ڕووی ناوەرۆکەوە یەک شت دەگەیەنن.

سەبارەت بە زاراوەی گرێ، ئەوا ئەم زاراوەیە لە ڕووی بەشەئاخاوتنەوە ناوە[6] هەروەها بە واتاکانی (کێشە، هەرا، کۆسپ، ئاڵۆزی) دێت[7] وشەی گرێ لە ڕووی پێکهاتەوە وشەیەکی سادەیە[8]، چونکە لە یەک وشە پێکهاتووە.

هەروەها لە زمانی عەرەبیدا لەبەرانبەر زاراوەی (گرێ) زاراوەکانی(انج، عبارة، درنة، عقدة، أنشوظة) بەکاردێت[9]، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا (Phrase) لە بەرانبەر زاراوەی(گرێ)ی کوردی بەکاردێت.[10]

---

[1]ـ نوری عەلی ئەمین (٢٠١٢)، ڕێزمانی کوردی، ڕێکخستن و لەچاپدانەوەی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل26.

[2]ـ ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل10.

[3]ـ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠٠٧)، چەند بابەتێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید(ئازاد هەورامی)، کەرکوک، ل 4.

[4]ـ حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠)، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ل26.

[5]ـ عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ل8.

[6]ـ کۆمەڵێک لە مامۆستایانی زمانی کوردی(٢٠١٢) فەرهەنگی هەرزە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 210.

[7]ـ کۆمەڵێک مامۆستا(٢٠٠٧)، فەرهەنگی هەراشان، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ل268.

[8]ـ عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٣)، وشەسازی زمانی کوردی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی دووەم، هەولێر، ل 31.

[9]ـ فاضل نیزامەددین (١٩٧٧)، فەرهەنگی ئەستێرە گەشە، دار الثقافة و النشر الكردية، بغداد، 444.

[10]ـ فوئاد ڕەشید بەکر (٢٠٠٥)، فەرهەنگی فوئاد، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ل363.

دەربارەی پێناسەی گرێ لە زماندا، ڕێزماننووسان بە شێوەی جیاواز پێناسەی گرێیان کردووە، لەوانە:
((بریتییە لە کۆمەڵە واژەیەکی لەیەکتر دانەبڕاو، کە نە مەعنایەکی تەواو ئەبەخشێ و نە فرمانێکیان لە تەکدا ئەبێ و پێکەوە لە ڕستەدا ئەرکی پارچەیەک لە پارچەکانی ئاخاوتن ئەبینێ))[1]، لەم پێناسەی سەرەوەدا نووسەر بە گوێرەی ڕێزمانی کۆن پێناسەی گرێی کردووە، چونکە دەڵێت:((کۆمەڵە وشەیەکە))، بەڵام لە ڕێزمانی نوێدا گرێ دەکرێت تاکە وشەیەک بێت و لە گرێی کاریدا، دەشێت گرێ تەنها لە کارێك پێکهاتبێت.
((ئەو کۆمەڵە وشەیە، کە لە سەرە(دیارخراو) و دیارخەر پێکهاتبێت، بە مەرجێک تاکە وشەیەک بتوانێت جێگەی بگرێتەوە لە هەر شوێنێکی ڕستەدا بن))[2]، لەم پێناسەدا نووسەر جەختی لەوە کردۆتەوە و دەڵێ:((گرێ کۆمەڵە وشەیەکە))، کە مەرج نییە وابێت، چونکە دەشێت گرێ لە تاکە وشەیەک پێکبێت، هەروەها نووسەر دەڵێت: گرێ لە (دیارخراو و دیارخەر پێکدێت)، بەڵام دەشێت گرێ تەنیا لە تاك وشەیك پێکبێت.
((بەو یەکە سینتاکسییە دەوترێت، کە لە کەرەسەیەک، یان لە کەرەسەیەکی سەرەکی(سەرە) و هەموو ئەو کەرستانەی کە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ( دیارخەر) بەندن پێوەی، یان لەژێر دەسەڵاتیانن پێکدێ و لە ڕستەدا ئەرکێک گرێ یەکەیەکی سینتاکسییە و لە کەرەستەیەك (سەرە)، یان زیاتر پێکدێن، چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بە سەرەوە پابەندن و لەژێر دەسەڵاتی سەرە دان و ئەرکێك لە ڕستەدا دەبینن.))[3].
لەم پێناسەی سەرەوەدا نووسەر زۆر بەشێوەیەکی زانستی پێناسەی گرێی کردووە، چونکە دەڵێت: دەکرێت گرێ، وشەیەک، یان زیاتر لە وشەیەک بێت.بە ڕەچاوکردنی لایەنە جیاوازەکانی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین:
گرێ: بریتییە لە دانەیەکی سینتاکسی، کە دەشێت لە وشەیەک، یان زیاتر لە وشەیەک پێک بێت.
تۆفیق وەهبی لە کتێبی (دەستوری زمانی کوردی: 62)دا دەڵێت: ((گرێ کۆمەڵە وشەیەکی پەیوەندیدارە، کاری لەگەڵدا نییە)))(4). ئەم پێناسەیەی سەرەوە کەموکوڕیی لەوەدایە، کە گرێی کاری دەشێت ، تەنها یەك کار بێت.
نوری عەلی ئەمین لە پەرتووکی (ڕێزمانی کوردی: 29)دا دەڵێت:((دەستەواژە بریتییە لە کۆمەڵە واژەیێکی لەیەکدی دانەبڕاو، کە نە مەعنایەکی تەواو ئەبەخشێ، نە فرمانێکیان

---

[1]- نوری عەلی ئەمین (٢٠١٢)، ڕێزمانی کوردی، ل 26.
[2]- محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شێروان حوسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ل، 217.
[3]- ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، ل10.
[4]- تەوفیق وەهبی(1929)، دەستووری زمانی کوردی ، جیزمی یەکەم، دار الطباعة الحدیثة، بەغدا، ل 62.

لەتەکدا ئەبێ، پێکەوە لە ڕستەدا ئەرکی پارچەیەك لە پارچەکانی ئاخاوتن ئەبینێ )))(1).
مەرج نییە گرێ کۆمەڵە وشەیەك بێت، بەڵکەو دەشێت یەك وشە بێت.
لە کتێبی پرۆگرامی قوتابخانەکان، وا پێناسەی گرێ کراوە:((گرێ بریتییە لە دوو وشە یان زیاتر، کە واتای تەواو نەبەخشێت و کاریشی لەگەڵـــدا نەبێـت)))(2).
ئەگەر سەیرێکی ئەم پێناسانەی سەرەوە بکەین، دەبینین چەند لایەنێکی کەموکوڕی تێدان، لەوانە:
1/ مەرج نییە هەموو گرێیەك لە دوو وشە، یان زیاتر پێکبێت چونکە، دەشێت لە تاکە وشەیەکیش پێکبێت.
2 / مەرج نییە گرێ واتا نەبەخشێت، بەڵکو دەشێت واتا بدات.
3 / جۆرێك لە جۆرەکانی گرێ، گرێی کارییە، ئەمەش ئەم بۆچوونە پووچەڵدەکاتەوە، کە دەڵێت: نابێت گرێ کارێکی لەگەڵدا بێت.
چۆمسکی، کە زمانەوانێکی ئەمریکییە پێی وایە (گرێ) دەشێت لە وشەیك، یان زیاتر پێکبێت. ((یەکێك لە خاسیەتەکانی فرێز، ئەوەیە کە کورت دەکرێتەوە بۆ تاکە وشەیەك)) **(3)**، بە واتایەکی دیکە ((لە وشەیەك یان زیاتر فرێز پێك دێت))، **(4)** هەروەها چۆمسکی ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە سادەترین ڕستە لە زماندا لە دوو بەش پێکدێت: یەکیان پێی دەوترێ (گرێی ناوی)، ئەویتریان( گرێی کاری).
هەندێك لە زمانەوانان پێیان وایە، ئەم بۆچوونەی چۆمسکی بۆچوونێکی نوێ نییە، بەڵکو ئەم بۆچوونە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی زوو، بەتایبەتی لە سەردەمی یۆنانییەکان (ئەفلاتوون) یەکەم کەس بوو، کە(وتن)ی بەسەر دوو بەش دابەشکرد، کە ئەوانیش بریتین لـە (نـــاو، کـــار)، هەر بۆیە پێیان وایە، چۆمسکی ئەم بیرۆکەیەی لە ئەفلاتوونەوە وەرگرتووە و زیاتر پەرەیپێداوە. ئەم بۆچوونەی سەرەوە ڕاستییەك دەسەلمێنێت، کە ئەویش ئەوەیە بۆچوونەکەی چۆمسکی بۆچوونێکی تەواوە دەربارەی بابەتی گرێ، ئینجا زادەی مێشکی خۆی بێت، یاخود لە کەسانی ترەوە وەریگرتبێت، کە ئەمە لێرەدا گرنگ نییە، بەڵکو گرنگییەکە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی زانستی و ڕاستیی چەمکی گرێ.
کەواتە:
1- سادەترین ڕستە لە زماندا لە دوو گرێ پێکدێت، ئەوانیش (گ. ن + گ. ك)، جگە لەم دوو گرێیە، دەشێت ڕستە گرێی تریشی لەتەکدا بێت، بە واتایەکی تر ڕستە دەکرێت (سێ گرێ، چوار گرێ، پێنج گرێ... هتد) بێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ڕستە نابێت لە گرێیەك پێکبێت.

---

[1]- نوری عەلی ئەمین(1960)، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ل 29.
[2]- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە(2020)، زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی دەیەمی ئامادەی، چاپخانەی ڕۆسکا، هەولێر، 18.
[3]- ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)(2004)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی، ل 265.
[4]- وریا عومەر ئەمین(2004)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،ل 148.

2- کار لە سادەترین حاڵەتیدا لە سێ مۆڕفیم پێکدێت، ئەوانیش بریتین لە مۆڕفیمەکانی (ڕەگ، کات، بکەر، یان نیهاد)، بەڵام دەشێت کار لە چەندین مۆڕفیم پێك بێت، لەوانە (پێشگر، پاشگر، ڕەگ، کات، بکەر، بەرکار، نیهاد،... ئەم جۆرەش ڕستەی مۆڕفۆسینتاکسییە.
3- لە گرێدا مۆڕفیم ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دابەشکردنی کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە.
4- مۆڕفیمە ڕێزمانییەکان بەو مۆڕفیمانە دەوترێت، کە تەنیا حاڵەتی ڕێزمانی وشەکە دەگۆڕێت. مۆڕفیمی ڕێزمانی ناتوانێت واتای وشە بگۆڕێت، بە واتایەکی تر نابێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە و دروستکردنی وشەیەکی نوێ لە زماندا.
مۆڕفیمە ڕێزمانییەکان لە کرمانجی ناوڕاستدا بەم شێوەیەی خوارەوەن:
1- مۆڕفیمی ناسراوی (ەکە، ە).
2- مۆڕفیمی نەناسراوی (ەك، ێك، ێ)
3- مۆڕفیمی کۆ (ان، ات، هات، جات، وات، گەل، ەها).
4- مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوو (ا، وو، ی، د، ت).
5- مۆڕفیمی ڕابوردووی بەردەوام (دە).
6- مۆڕفیمی ڕابوردووی دوور (بوو)
7- مۆڕفیمی ڕابوردووی تەواو (ووە، وە)
8- مۆڕفیمی ئەرێ و نەرێی ڕانەبوردوو (دە، نا)
9- مۆڕفیمی ئەرێ و نەرێی فەرماندان (ب، مە)
10- مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە)
11- مۆڕفیمی پلەی بەراورد و پلەی باڵای ئاوەڵناو (تر، ترین).
12- مۆڕفیمی ژمارەی ڕێکخستن (ەم، ەمین).
13- مۆڕفیمی نەرێی ڕابوردوو(نە).
14- مۆڕفیمی نەرێی کاتی ئێستا (نی) یە.

## 2-1: تایبەتمەندییەکانی گرێ لە زمانی کوردیدا

گرێ چەندین تایبەتمەندیی هەیە، بەهۆیەوە لە دانە سینتاکسییەکانی تر جیا دەکرێتەوە، لەوانە:
١- گرێ دەتوانرێت فراوانبکرێت، بەهۆی کەرەستەی ترەوە، یان کورت بکرێتەوە بۆ تاکە وشەیەک، جگە لەمەش هەندێ جار دوو گرێی سادە، یان زیاتر یەک دەگرن و گرێیەکی لێکدراو دروستدەکەن، بە تایبەتی لە گرێی ناویدا.[1] وەك:
کوڕی ئازاد هات.

[1]- ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، ل11.

٢ـ گرێ لە ڕووی ڕۆنانەوە لە وشە گەورەترە، بەوەی کەوا شوێنێکی گەورەتر لە وشە دەگرێت، هەروەها لە ڕستەش بچووکترە، بەوەی شوێنێکی بچووکتر لە ڕستە دەگرێت[1]، بەو واتایەی کەوا گرێ شوێنی پێکهێنی ناوەندی دەگرێت.

کوڕ: وشە

کوڕی ئازاد: گرێ

کوڕی ئازاد زیرەکە: ڕستە

٣ـ گرێ لە ڕستەدا ئەرک دەبینێت، ئینجا ئەو ئەرکە سەرەکی، یان لاوەکی بێت، وەکو:((بکەر، بەرکار، سەربار، ئاوەڵگوزارە، کار، تەواوکار)).[2]

٤ـ لە گرێدا مۆرفیم ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە دابەشکردنی کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە.[3]

٥ـ گرێ دانەیەکی سەربەخۆیە لە ڕستەدا، دەتوانرێت بۆ پێشەوە، یان دواوەی ڕستە بگوازرێتەوە بەبێ ئەوەی ڕستەکە تێکبچێت، بەو واتایەی کەرتەکانی گرێیەکە هەموویان دەگوازرێتەوە، نەک یەکێک لە کەرتەکانی گرێیەکە بگوازرێتەوە و پاشەوپێشی پێبکرێت.[4]ئەمەش پێیدەوترێت بەلوتکەکردن. دەشێت ئەو گرێیەی بەلوتکە دەکرێت، لەبەر گرنگی و بایەخ و جەختکردنی ئەو گرێیەیە جوڵەی پێکرابێت و هێنرابێتە پێشەوە.

٦ـ گرێ دەبێتە چەند جۆرێک، لەوانە:((گرێی ناوی، گرێی ئاوەڵناوی، گرێی ئاوەڵکاری، گرێی بەند، گرێی کاری، ....)).[5]

٧ـ ئەو گرێیەی لە کەرتێک زیاتر پێکهاتبێ، دەبێ بەهۆی یاسای سینتاکسی لێکدرابن، هەموو کەرتەکان هەمان بەها و نرخیان نییە، بەڵکو یەکێک لە کەرەستەکان دەبێتە سەرە و کەرەستەکانی تر دەبنە دیارخەری سەرە.[6] سەرە لە گرێدا بەخورتییە و دەبێت هەبێت، بەڵام دیارخەرەکانی سەرە سەرپشکین و بەلابردنیان واتای ڕستە تێکناچێت.

٨ـ گرێ بەشێکی سەرەکی ڕستەیە، تەنانەت دەتوانین بڵێین: گرێ هۆکاری دروستبوونی ڕستەیە، بەتایبەتی جۆری گرێی ناوی و گرێی کاری هەروەکو چۆمسکی لەبارەی پێناسەی ڕستەوە دەڵێت: ((گرێ بریتییە لە گرێی ناوی و گرێی کاری))[7]، لەمەوە

---

[1]ـ حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠)، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ل 27.

[2]ـ ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، ل11.

[3]ـ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٧)، ڕستەسازی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل 146.

[4]ـ ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، ل11.

[5]ـ ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٢٠)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، چاپی سێیەم، چاپخانەی جەنگەڵ، تاران، ل 21.

[6]ـ ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، ل 11.

[7]ـ نەوام چۆمسکی (٢٠٢٠)، ڕۆنانە سینتاکسییەکان، وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل 66.

بۆمان دەردەکەوێت هیچ ڕستەیەک بەبێ گرێ دروستنابێت. لە هەندێك جۆری ڕستەدا، گرێی تەواوکەر دەبێتە بەخورتی و دەبێت لە ڕستەدا هەبێت، ئەگینا ڕستەی ناڕێزمانی بەرهەم دێت، بە تایبەتی لە ڕستەکانی بووندا، بۆ نموونە (ئەمە کێ بوو؟ ) لە ڕستەکەدا، ناتوانرێت گرێی تەواوکەری ، کەجێناوی پرسی (کێ) یە لاببرێت، چونکە دەبێتە هۆی ناڕێزمانی بوونی ڕستەکە و ئەو واتایەی کە نێنەر دەیەوێت بیگەیەنێتە وەرگر ناگەیەنێت.

٩- مەرج نییە هەموو جۆرەکانی گرێ لە ڕستەدا هەبن، بە واتایەکی تر هەندێک لە جۆرەکانی گرێ سەرەکین، واتە بە شێوەیەکی سەرەکی بەشداری لە ڕۆنانی ڕستە دەکەن، وەکو:(گرێی ناوی، گرێی کاری)، بەڵام هەندێک لە جۆرەکانی تری گرێ لاوەکین و دەکرێ لە ڕستەدا نەبن، وەکو:(گرێی ئاوەڵکاری، گرێی ئاوەڵناوی).

کەواتە دەتوانین بڵێین گرێ دەشێت وشەیەك بێت ، دەشێت زیاتر بێت، تەنیا لە ڕستەدا گرێ هەیە، لە دەرەوەی ڕستە شتێك نییە بە ناوی گرێ، هەروەها هەموو ڕستەیەك لە سادەترین حاڵەتیدا لە دوو گرێ پێکدێت، ئەوانیش گرێیەکانی ناوی و کارین، دەشێت لەم دوو گرێیە زیاتر هەبێت.

## 1-٣: جۆرەکانی گرێ لە زمانی کوردیدا

جۆرەکانی گرێ لای ڕێزماننوسان جیاوازی هەیە، بەو واتایەی هەریەکەیان بەشێوەیەکی جیاواز دابەشیانکردوون، لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێ لەو دابەشکردنانە بخەینەڕوو. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی و نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو بەسەر پێنچ جۆریان دابەشکردووە: ((گرێی ناوی، گرێی کاری، گرێی بەند، گرێی ئاوەڵناوی، گرێی ئاوەڵکاری)[2][1]، بەڵام ئومێد بەرزان برزۆ گرێی بەسەر حەوت جۆردا دابەشیکردووە، کە جگە لەو پێنچ جۆرەی کە ئاماژەمان پێکرد (گرێی ڕادە و گرێی جێناوی) زیادکردووە[3]، لە ڕووی زانستییەوە تەنیا پێنج جۆرە نەك حەوت، واتە ئەو پۆلێنکردنەی ئومێد بەرزان دروست نییە یان زمانەوانان پشتڕاستیاننەکردۆتەوە.

### 1-3-1: گرێی ناوی:

گرێی ناوی، جۆرێکە لە جۆرەکانی گرێ و جۆرێکی سەرەکی گرێیە، چونکە بەشداری لە ڕۆنانی ڕستەدا دەکات، یان گرێی ناوی بەپێی پێناسەی خۆی کەرەستە سەرەکی تێدایە، کە بە ناو دەناسرێت، یان ناوئاسایە.[4]

هەروەها گرێی ناوی لەو پێکهاتەیەی کە سەرەکەی ناوە، یان ناوئاسایە وەك جێناوی سەربەخۆ، ئەم سەرەیە بۆی هەیە بەهۆی دیارخەرێکەوە، یان چەند دیارخەرێکەوە فراوان بکرێت، کە دیارخەرەکان یان دەکەونە پێش سەرەوە، یان دوای سەرە،یان دەکەونە هەردوو لاوەی، واتە پێش سەرە و دوای سەرە.[5]

### 2-3-1: گرێی کاری

گرێی کاری جۆرێکی سەرەکیی گرێیە و چونکە هیچ ڕستەیەک نییە گرێی کاری تێیدا نەبێت، چونکە ڕستە پێکهاتووە، لە گرێی ناوی و گرێی کاری[6]، هەروەها لە زمانی کوردیدا گرێی کاری لە ڕۆنانی ژێرەوەدا، دەکەوێتە پاش گرێی ناوی بنجی.[7]

هەروەها گرێی کاری بە پێکهێنەرێکی سەرەکیی ڕستە دادەنرێت، چونکە لەناو ڕستەدا بەخورتییە و ناتوانرێت لاببرێت[1] وەکو لەم ڕستەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

---

1- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٧)، ڕستەسازی، ، ل 148.

2- ساجیدە عەبدولڵا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی،ل12.

3- ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٢٠)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، ل 21.

4- تاڵیب حوسێن عەلی(2014)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل 22.

5- ڤیان سلێمان حاجی(2001)، ڕیککەوتن لە شێوەی ژووری زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەددین، ل 29.

6- نعمان بوقرە (٢٠١٦)، ئاڕاستەکانی زمانەوانی نوێ( لە سۆسێرەوە تا چۆمسکی)، وەرگێرانی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل 2013.

7- تاڵیب حوسێن عەلی(2014)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، ل29.

- کوڕەکان نانەکانیان خوارد.

لەم ڕستەی سەرەوەدا (نانەکانیان خوارد) گرێیەکی کارییە، ڕستەکە لە گرێی ناوی و گرێی کاری پێکهاتووە.

لە زمانی کوردیدا ڕستە بەبێ دەرکەوتنی ئەم جۆرە گرێیە هەرگیز دروستنابێت[2]، گرێی کاری لە سادەترین ڕۆنانیدا لە کارێك پێکدێت، کە لە ڕووی ڕۆنانەوە ناسادەیە و تیایدا مۆرفیمی ڕەگی کار مۆرفیمێکی تەوەرەییە و مۆرفیمە بەندەکانی تری بۆ دەگەڕێتەوە، کە هەریەك ڕێزبوونێکی دیاریکراوی تایبەت بە خۆیان هەیە و بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ئەم خانانە سەبارەت بە ڕۆنانی کار جیابکەینەوە.

دەبێ ئەوەش بووترێت گرێی کاری لە سادەترین ڕۆناندا، لە کارێک پێکدێت، کە لە ڕووی ڕۆنانەوە ناسادەییە، هەروەها سێ جۆرە مۆرفیمی تێدایە، کە ئەمانەن:

١- مۆرفیمی کات.
2- مۆرفیمی ڕەگی کار.[3]
٣- مۆرفیمی جێناوی لکاو[4] ، وەکو:
- دەڕوات.

(دەڕوات) گرێیەکی کارییە، هەروەها هەموو مۆرفیمەکانی تێدایە، کە (دە) مۆرفیمی بەردەوامییە و (ڕۆ) مۆرفیمی ڕەگی ڕانەبردووە و (ات) مۆرفیمی جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک.

گرێی کاری پێکهاتەیەکی تری ڕاستەوخۆی ڕۆنانی ڕستەیە، ئەرکێکی گەورە و دیاریکراو دەبینێت لە سازدانی ڕستە، بەشێوەیەك وامان لێدەکات بڵێین گرێی کاری لە جۆرەکانی تری گرێ گرنگترە لە بواری سازدانی ڕستەدا و ناتوانرێت وازی لێبهێنرێت بە بەڵگەی ئەوەی کە دەشێت گرێیەکانی تر وەك (ناوی بەند)، یان (بکەر و بەرکار) لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا دەرنەکەون و پاشماوەیان لەناو گرێی کاریدا بەجێبمێنێت وخوێنەر، یان گوێگر بەهۆی گرێیە کارییەکەوە لە ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەکەدا بگات، بەڵام ئەو دیاردەیە بەسەر گرێی کاریدا جێبەجێ نابێت، واتە ڕستە هەرگیز بێ بوونی ئەم گرێیە لە زمانی کوردیدا دروستنابێت بۆ نموونە:[5]

**من نامەیەکم نووسی.**

---

[1]- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، ل 18.

[2]- محمود فتح الله (1988)، کار تەواوکردن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ل 16.

[3]- ئاوات فەرحان وەسمان (٢٠١٠)، ڕۆڵی وریا عومەر ئەمین لە بواری زمانەوانیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل 60.

[4]-ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، ل18.

[5]- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠)، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ل 66.

گرێی کاری خاوەن پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی ناوەکی و دەرەکییە و شێوەی جیاجیا وەردەگرێت. گرێی کاری، یان لە کارێك پێکهاتووە، کە ڕەگەزێکی سەرەکییە و بوونی لە ڕۆنانەکەدا ناچارییەو ناتوانرێت وازی لێبهێنرێت.[1]، چونکە بە لابردنی ڕستەی ناڕێزمانی دروستدەبێت، بۆ نموونە:

**هەولێر، کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە، شارێکی خۆشە.**

گرێی کاری پێکهێنەرەکەی دیکەی ڕستەیە و وەك ڕۆنانێکی بنجی چەسپاو لەناو چوارچێوەی ڕستەدا تەماشای دەکرێت. گرێی کاری لە سادەترین حاڵەتیدا لە کارێك پێکدێت.

گرێی کاری ڕەگەزێکی ئاڵۆزە و پێکهاتەیەکی دەرەکی و ناوەکی هەیە، کە لە چەند مۆڕفیمێکی بەند پێکهاتووە، چونکە (گ.ك) جێناوەکانی بکەر و بەرکار وەردەگرێت و لە ئاستی سەرەوەی ڕستەدا دەردەکەون و گرنگییەکی زیاتری هەیە لە گرێی ناوی، چونکە دەکرێت گرێی ناوی لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا دەرنەکەوێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا ڕستە بەبێ دەرکەوتنی ئەم گرێیە هەرگیز دروستنابێت. گرێی کاری لە سادەترین ڕۆنانیدا لە کارێك پێکدێت، کە لەڕووی ڕۆنانەوە ناسادەیە، تیایدا مۆڕفیمی ڕەگی کار، مۆڕفیمێکی تەوەرەییە و مۆڕفیمە بەندەکانی تری بۆ دەگەڕێتەوە کە هەریەکە و ڕیزبوونێکی دیاریکراوی تایبەت بەخۆیان هەیە.[2]

کەواتە گرێی کاری بەو گرێیانە دەگوترێت، کە سەرەیان کارە(3). بۆ نموونە:

**هاتم.**

گرێی کاری بەشێکی سەرەکی ڕستەیە، کە لە ڕەگی کار و جێناوێکی لکاو پێکدێت، کە ڕۆڵی ڕێکەوتن دەگێڕێت لە کەس و ژمارە لەگەڵ بکەر، کارەکە سەرەی گرێیەکەیە[4]. بۆ نموونە:

**ئازاد ڕۆیشت.**

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا گرێی کاری (ڕۆیشت)، لەم مۆڕفیمانە پێکدێت:

ڕۆ : مۆڕفیمی بەندی ڕەگ

ت: مۆڕفیمی بەندی ڕێزمانی

بکەر: مۆڕفیمی سفر

لە زمانی کوردیدا ناوکی گرێی کاری لە ڕەگی کار و جێناوێکی لکاو پێکدێت، ڕێزمانی کوردی دوو ڕەگی جیاوازی بۆ کار دەستنیشانکردووە، ئەوانیش پێیان دەگوترێ (ڕەگی ڕابردوو ـ ڕەگی ڕانەبردوو). هەموو کاتە ڕێزمانییەکان بەم دوو ڕەگە دادەڕێژرێن، چاوگ

---

[1]ـ سەرچاوەی پێشوو، ل 66.

[2]ـ دیار علی کمال(2002)، ڕێزمانی کوردی ـ ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی پەروەردە، ل50.

[3]ـ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٧)، ڕستەسازی، ل 133.

[4]ـ چیا عەلی مستەفا (٢٠٠٨)، ڕادە و ئەرکی سینتاکسی و سیمانتیکی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە، ل 49.

کراوە بەسەرچاوە و لێیەوە ڕەگ وەردەگیرێت. ڕەگی ڕابردوو بەلابردنی (ن)ی چاوگ دەستدەکەوێت، وەرگرتنی ڕەگی ڕانەبردوو بەچەند یاسایەك باسکراوە، پەیوەندی مۆرفۆلۆجیی نێوان ڕەگی ڕابردوو و ڕانەبردوو ڕەهەندەکاتەوە، نیشانەی (دە) دەبێت لەگەڵ ڕەگی ڕانەبردوو دەربکەوێت. لە زمانی کوردیدا بکەر و کار لە کەس و ژمارەدا ڕێکدەکەون، واتا ڕەگی کار جێناوێکی لکاوی سەر بە هەمان کەس و ژمارەی بکەر وەردەگرێت[1]، دەشێت ڕستە و گرێی کاری لە سادەترین حاڵەتیدا، لە کارێك پێکبێت.

گرێی کاری ئەو بەشە سەرەکییەی ڕستەیە، پێویستە وەك ڕۆنانێکی بنجیی چەسپاو لەناو چوارچێوەی ڕستەدا سەیربکرێت، بۆیە گرێی کاری پێکهێنێکی تری ڕاستەوخۆی ڕستەیە و ئەرکێکی گەورە و دیاریکراو لە سازدانی ڕستەدا دەبینێت. ئەم گرێیە لە جۆرەکانی تری گرێی (ناوی، ئاوەڵناوی... تاد) گرنگترە، چونکە بەخورتییە و ناتوانرێت لاببرێت، لە کاتێکدا گرێیەکانی تری ڕستە وەك گرێی ناوی، بکەر دەشێت لە ڕۆنانی ڕووکەشدا دەرنەبڕدرێت، ئەویش بەهۆی دەرکەوتنی نیشانەکەی لەناو گرێیە کارییەکەدا و ڕستە لە زمانی کوردیدا بەبێ دەرکەوتنی ئەو گرێیە هەرگیز دروستنابێت[2]. نموونە:

**أ ـ نەوزاد هات.**

**ب ـ ......... هات**

**پ ـ نەوزاد .........**

گرێی کاری پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە، واتە گرێی کاری خاوەن پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی ناوەکی و دەرەکییە و بەشێوەی جۆراو جۆری مۆرفۆسینتاکسی و سینتاکسی فراوان دەکرێت [3].

کەواتە گرێی کاری گرێیەکی سەرەکی ڕستەیە و هەمیشە بەشدارە لە ڕۆنانی ڕستە، بەو واتەیەی بەبێ گرێی کاری ڕستە دروستنابێت.

### 1-3-3: گرێی ئاوەڵکاری

لە ڕووی دارشتنەوە جۆرێکە لە جۆرەکانی گرێ کە، بریتییە ((لەو جۆرە گرێیەی سەرەکەی دەبێ ئاوەڵکار بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ئاوەڵکارانەی بە ئامادەکراوی لەناو فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەن، وەک(هەمیشە، هەرگیز، دیسان، هێشتا، خۆزگە، ڕەنگە، لێرە،...) ژمارەیان زۆر کەمە و بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن و سوود لە جۆرەکانی تری گرێ وەردەگیرێت، وەک(گرێی ناوی، گرێی بەند،...)، کە لەناو ڕستەدا ئەرکی ئاوەڵگوزارە دەبینن))[4]، وەکو لەم نموونەی خوارەوە دەردەکەوێت:

**ـ مامۆستاکە قوتابییەکەی هێشتا نەدیوە.**

---

[1]ـ وریا عومەر ئەمین(2004)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل 206.

[2]ـ ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٢٠)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، ل 63 ـ 64.

[3]ـ سەرچاوەی پێشوو، ل 63 ـ 64.

[4]ـ ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، ل21.

لەم نموونەی سەرەوەدا وشەی( هێشتا) گرێی ئاوەڵکارییە و ئەرکی تەواوکەری کار دەبینێت.

لە گرێی ئاوەڵکاریدا ئاوەڵکار سەرەیە و بەشەکانیتر دەبن بە دەرخەری سەرە و وشەکانی ڕادەی چەندیەتی دەتوانن لەگەڵ ئاوەڵکار دەرکەون و گرێی ئاوەڵکاری پێکبێنن لەم بارەدا ئاوەڵکار دیارخراوە و ڕادەکان دەرخەرن.[1] . نموونە:

**زۆر خێرا بڕۆن.**

گرێی ئاوەڵکاری بەشێکی ناسەرەکی ڕستەیە ڕۆڵ لە فراوانکردنی گرێی کاری دەگێڕێ و فراوانیدەکات[2]، یان سەرەی گرێی ئاوەڵکاری بەهۆی ئاوەڵکارێك دەنوێنرێت، ئەگەر گرێیە ئاوەڵکارییەکە تەنیا لە سەرەیەك پێکهاتبوو، ڕۆنانی گرێی ئاوەڵکاری لە ئاوەڵکارێك پێکدێت و دەبێتە سەرەی گرێیەکە و اتە سەرە لە گرێدا، بەخورتییە و دەبێت هەبێت.[3]

کەواتە گرێی ئاوەڵکاری بەو گرێیانە دەگوترێت، کە سەرەکەی ئاوەڵکارە.[4]

ئاوەڵکارەکان وەك پێکهاتەیەکی سەربار، فرەجۆرن و پەیوەست بە ئەدگاری سیمانتیکیی نواندنەکانی کردارەوە، ئەو زانیارییانە پەسنددەکەن، کە لەناو ڕۆنانی کاردا بە مۆڕفیم دەرناخرێن. لەم ڕووەشەوە لەبەرئەوەی ئاوەڵکار ناشکێتەوە، وەك وەچە گرووپێکی واژەگۆکەرەکان پۆلێنکراوە.[5]

ئاوەڵکارەکان لە ڕووی ڕۆنانەوە دوو جۆرن:

1- ئاوەڵکاری فەرهەنگی: ئەوانەن کە بە زانیارییە سینتاکسی و واتاییەکانیانەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون و بەگشتی لە زمانەکانی جیهاندا ژمارەیان کەمە، لە کوردیدا (زوو، درەنگ) لە جۆری ئاوەڵکاری کاتی فەرهەنگین، کە خاوەن فۆرمێکی بنەڕەتین.

2- ئاوەڵکاری سینتاکسی: ئەو جۆرانە دەگرنەوە، کە لە سینتاکسدا بەهۆی جێکەوتە و هەبوونی واتای ئاوەڵکارییەوە بەرهەمدەهێنرێن، بەمەش پێشبینی ئەوە دەکرێت، مۆرفۆلۆژی و سینتاکس بەهۆی دروستکردنی وشەی مۆرفۆلۆژی و بەرهەمهێنانی ڕۆنانی سینتاکسییەوە، ئەو کەلێنە واتاییانە پڕبکەنەوە، کە پێدەچێت لە فەرهەنگی زمانەکەدا هەبن. بەو پێیەی ئەو چەمك و ناوەرۆکانەی هەن و سیمای گرێیە شکاوەکانی ناو بەشە کار نیشاندەدەن، لە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا فۆرمیان بۆ دادەڕێژرێت و بەرجەستەدەکرێن.[6]

---

[1]- چیا عەلی مستەفا (٢٠٠٨)، ڕادە و ئەرکی سینتاکسی و سیمانتیکی لە زمانی کوردیدا، ل57.

[2]- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (2010)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ل58.

[3]- ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٢٠)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا،ل45.

[4]- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٧)، ڕستەسازی، ل133.

[5]- مەحەمەدی مەحوی (٢٠٠٠)، چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژیی ڕێزمانی کوردی و ڕێزمانی عارەبیی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی ژین، سلێمانی، ل217.

[6]- سازان زاهیر سەعید(2020)، نواندنی سینتاکسسی لە زمانی کوردییدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی، ل175 - 176.

کەواتە گرێی ئاوەڵکاری کەرەستەیەکە سەرەکەی هەمیشە دەبێت ئاوەڵکار بێت، گرێیەکە هەمیشە لەناو گرێی کاریدا دێت.

### 1-٣-4: گرێی بەند

لە ڕووی دارِشتنەوە جۆرێکە لە جۆرەکانی گرێ، کە هەمیشە بەهۆی پێشبەندەوە دەناسرێنەوە[1] کە بریتییە ((لەو گرێیەی لە ئەنجامی چوونە سەری پێشبەندەکان بۆ ناوێک یان گرێیەکی ناوی پێکدێت))(2)، وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**ـ کارزان بۆ بازاڕ ڕۆیشت.**

**ـ ئەحمەد لە ڕزگار زیرەکترە.**

لەم نموونانەی سەرەوەدا( بۆ بازاڕ، لە ڕزگار) گرێی بەندن و بەهۆی پێشبەندی (بۆ، لە) دروستبوون، کە (بۆ، لە) سەرەی گرێیەکەن.

**ـ بۆ کوێ دەچیت؟**

لەم نموونەی سەرەوەدا(بۆکوێ) گرێی بەندە، کە بەهۆی پێشبەندی (بۆ) دروستبووە.

گرێی بەند لە زمانی کوردیدا پانتاییەکی یەکجار بەرفراوانی داگیرکردووە و لە زمانەکەدا، بەکارهێنانی زۆرە، مەبەستیش لە گرێی بەند (ئەو گرێیەیە، کە بە یەکێك لە پێشبەندەکان دەستپێدەکات و بە ناو، یان جێناو کۆتایی دێت)[3].

بەم پێیەش بە هیچ شێوەیەك گرێی بەند لە تاکە وشەیەك پێك نایەت. ئەم جۆرە گرێیە لەڕووی پێکهاتنەوە ناسادەیە، چونکە سەرەی گرێیەکە بە تەنیا دەرناکەوێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی سەرەکە بریتییە لە پێشبەند و پێشبەندیش بە تەنیا هیچ گۆکردنێکی نییە، کەواتە بوونی تەواوکەر لە چوارچێوەی گرێی بەنددا مەرجە و بەخورتییە[4] واتە لە گرێی بەنددا، پێشبەند سەرەیە و ئەو ناو، یان جێناوەی لەدوایەوەی دێت، تەواوکەرە.

هەروەها دەتوانرێت گرێی بەند بەمە لە گرێیەکانی تر جیابکرێتەوە و بناسرێتەوە کە، کە هەمیشە سەرەکەی لە پێشبەندێك پێکدێت، چونکە گرێی بەند (ئەو گرێیەیە، کە سەرەکەی بریتییە لە پێشبەندێك). ئەو پێشبەندانەی بەشداریدەکەن لە پێکهاتنی گرێی بەنددا، هەندێکیان پاشبەندیان لەگەڵدا دەبێت، پاشبەندەکەش بە کۆتایی تەواوکەرەکەوە دەلکێت، بەم پێیە لە گرێی بەنددا پێشبەندێك دەبێت بە سەرەی گرێیەکە و کەرەستەیەکیش دەبێت بە تەواوکەری سەرەکە[5]. بۆ نموونە:

ئەوان بە ئێمەوە جوانن.

---

[1]ـ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٧)، ڕستەسازی، ، ل 154.

[2]ـ ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، ل20.

[3]ـ عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان(2009)، فرێزی بەند لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، ل40.

[4]ـ سەرچاوەی پێشوو، ل40.

[5]ـ سەرچاوەی پێشوو، ل40.

یان گرێی بەند ئەو گرێیەیە کە، پێشبەندێك دەچێتە سەر گرێیەکە و پێشبەندەکە تەواوکەرێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، بەپێی تایبەتمەندیی زمانی کوردی سەرەی گرێی بەند لەپێشەوە دێت، تەواوکەرەکەشی لەدواوە دێت.[1] بۆ نموونە:

من نامەکە بۆ نەوزاد دەنێرم.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، گرێی بەندی (بۆ نەوزاد) ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆی گێڕاوە.

کەواتە گرێی بەند بەو گرێیانە دەگوترێت، کە سەرەی بریتییە لە پێشبەندێك لەگەڵ بەرکارێکی ناڕاستەوخۆ[2] .

یان گرێی بەند جۆرێکی ترە لەو گرێیە کەتێگۆرییانەی کەوا خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی و بەپێی زمانەکان ئەگەرەکانی سنووردار دەکرێت هەرچۆن گرێیەك سەرەیەك لە هەمان پۆلە سینتاکسییەکەی خۆیدا هەڵدەبژێردرێت، گرێی بەندیش سەرەیەکی پێشناوی دەبێت، ئەو سەرە لە ئاستی خۆیدا تەواوکەر هەڵدەبژێرێت[3]. بۆ نموونە:

**بە کەشتییەکە هاتم.**

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، گرێی بەند بریتییە لە (بە کەشتییەکە).

## 5-٣-1: گرێی ئاوەڵناوی

ئەمەشیان جۆرێکە لە جۆرەکانی گرێ لە ڕووی دروستبوونەوە، بریتییە: لەو گرێیەی کە ئاوەڵناوێک سەرەیەتی، واتە بناغەکەیەتی[4] . ئەگەر گرێی ئاوەڵناوی تەنها لە سەرەکەی پێکهاتبوو، کە ئاوەڵناوە، ئەوا ئەم جۆرە گرێیە لە ڕووی ڕۆنانەوە سادەیە. ئاوەڵناوەکان دەبنە سەرە، وەکو ئەم ئاوەڵناوانە:(جوان، باش، خاوێن)، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەیری ئەم ڕستەیەی خوارەوە بکە:

**هەنارەکە ترش بوو.**

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، (ترش) گرێیەکی ئاوەڵناوییە، کە سەر بە گرێی کاری (ترش بوو)یە، بە هۆیەوە گرێیەکە لە گرێی ئاوەڵناوی(ترش) و گرێی کاری (بوو)پێکهاتووە.

مەبەست لە گرێی ئاوەڵناوی ئەو گرێیەیە، کە دەبێت کەرتی بنەڕەتی ئاوەڵناوبێت واتا بەبێ بوونی ئاوەڵناو گرێی ئاوەڵناوی دروستنابێت، واتا ئەم جۆرە گرێیە ئاوەڵناوێك بناغەیەتی، سادەترین گرێی ئاوەڵناوی لە ئاوەڵناوێك پێکدێت، کە ئەم ئاوەڵناوە دەبێتە سەرەی گرێیەکە، هەروەها دەتوانرێت سەرەی گرێیەکە بە چەند کەرەستەیەك فراوانبکرێت، ئەم

---

[1]- شوان حەیدەر حەسەن (٢٠١٥)، ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، ل 24.

[2]- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٧)، ڕستەسازی، ل 133.

[3]- سەباح ڕەشید قادر(2009) ، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل44.

[4]- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، ل 56.

کەرەستانەش لە پێش سەرە، یان لە پاش سەرە دەردەکەون، بەمەش ڕۆنانی گرێ ئاوەڵناوییەکە

فراوان دەبێت، بەڵام لە ڕووی ڕۆنانەوە پێچەوانەی گرێی ناوییە و سادەیە و بەڕادەیەکی کەمتر فراواندەکرێت و گرێی ئاوەڵناوی ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە فراوانکردنی گرێی ناوی، یان لەگەڵ جۆرەکانی کاری (بوون)دا، بەشە کارێك پێکدەهێنێت[1] بۆ نموونە:

**کوردستان شاخی بەرزی زۆرە.**

هەروەها ئاوەڵناو جۆرێکی وشەیە، کە ئەرکی سەرەکی وەسفکردنی ناوە، و بە زۆری لەگەڵ گرێی ناوی بەدەردەکەوێت، بەڵام لەگەڵ بەشەکانی تری ڕستەش بەدەردەکەون.

ئاوەڵناو لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە پلە و بەهای ڕستەسازیی هەیە و هەندێك جۆری ئاوەڵناو دەتوانرێت لەگەڵ پاشگری (تر ـ ترین)، کە پلەی بەراورد و باڵا دەنوێنن، یەکتر بگرن بۆ دروستکردنی جۆرێك لە گرێی ئاوەڵناوی ئەو دوو پلەی ئاوەڵناوەش بەوە کۆتوبەند کراون:

أ ـ هەردووکیان پێکەوە لە گرێیەکدا دەرناکەون.

ب ـ پلەی بەراورد (تر) دەبێت بۆ بەراوردکردنی پلەی ئاوەڵناوییەکە لە نێوان دوو شت، یان دوو دەستە بێت، کەچی پلەی باڵا هەڵکەوتنی شتێك لەناو کۆمەڵێکدا نیشاندەدات، بەڵام دەبێت ئەوەش بوترێت، کە سنوور و تێکەڵیەك لە نێوان ئەرکەکانی ئاوەڵناو و ئاوەڵکار دێتە کایەوە، دیارترین ڕێگە بۆ جیاکردنەوەیان لەوەدایە، کە ئاوەڵناو پەسنی ناو یان جێناو دەکات و ئاوەڵکاریش پەسنی کار دەکات [2].

بەشێوەیەکی گشتی ڕۆنانی ئەم جۆرە گرێیە ئاوەڵناوێك بناغەیەتی و ئاوەڵناوەکان پلەدارن، بۆیە لەپێشەوە بە پلە و لە دواشەوە بە مۆڕفیمی پلەی بەراورد ـ تر / و مۆڕفیمی پلەی باڵا ـ ترین / دەردەخرێت[3]، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

**گەورە، بەرز، مێخۆش، شلەتێن.**

**زۆر گەورە، گەورەتر، گەورەترین.**

**زۆر بەرز، بەرزتر، بەرزترین.**

**زۆر مێخۆش، مێخۆشتر، مێخۆشترین.**

**زۆر شلەتێن، شلەتێنتر، شلەتێنترین.**

وەك لەمانە دەردەکەوێت، کە ئاوەڵناو وەك کەتیگۆرییەك توانای وەرگرتنی پلەی هەیە، بەمەش خۆی لە کەتیگۆری ناو جیا دەکاتەوە، چونکە ناو پلەو مۆڕفیمی پلەی بەراورد ( ـ تر) و پلەی باڵا ( ـ ترین) وەرناگرێت، وەك:

**زۆر کوڕ، کوڕتر، کوڕترین**

---

[1]ـ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٧)، ڕستەسازی، ل 133.

[2]ـ سەباح ڕەشید قادر(2009) ، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، ل42.

[3]ـ عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، ل58-59.

هەرچەندە بە هەمان ڕۆنانی ئەم نموونانەی سەرەوە (زۆر پیاو، پیاوتر، پیاوترین) ڕوویانداوە، بەڵام ناوی (پیاو) لەم ڕۆنانەدا ئاوەڵناوئاسایە و لەناو خۆیدا هەڵگری نیشانەکانی (پیاوەتیی، جوامێریی، نێریی، مێی...)یە دەشێت گرێی ئاوەڵناوی فراوانبکرێت، بۆ نموونە: ژوورەکە هیچ پیس نەبوو. لەم ڕستەیەی سەرەوەدا مۆرفیمی نەرێی (هیچ) گرێی ئاوەڵناوی لە پێشەوە فراوانکردووە.[1]

2- سەرچاوەی پێشوو، ل59.

# بەشی دووەم: گرێی ناوی لە زمانی کوریدا

## بەشی دووەم: گرێی ناوی لە زمانی کوریدا

### 2-١: چەمک و پێناسەی گرێی ناوی:

زمانەوانان و لێکۆڵەران دەربارەی گرێی ناوی دواون، لە هەندێ ڕووەوە لە یەک جیان، تەنانەت لە بەکارهێنانی زاراوەی (گرێی ناوی) ش، بۆچوونی جیاواز لەنێوانیاندا هەیە. حاتەم وەلیا زاراوەی (فرێزی ناوی) بەکارهێناوە[1]، بەهەمان شێوە عەبدولجەبار مستەفاش زاراوەی (فرێزی ناوی) بەکارهێناوە[2]، بەڵام ساجیدە عەبدوڵڵا زاراوەی(گرێی ناوی) بەکارهێناوە[3]، لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کەوا زمانەوانان لە ڕووی فۆڕمەوە زاراوەی جیاوازیان بەکارهێناوە، بەڵام زاراوەکان هەموویان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە یەک شت دەگەیەنن.

سەبارەت بە زاراوەی گرێ، ئەم زاراوەیە پێکهاتووە لە وشەی(گرێ)، کە دەچێتە خانەی بەشە ئاخاوتنی ناو[4].

دەربارەی پێناسەی (گرێی ناوی)، زمانەوانان بەشێوەی جیاواز پێناسەیان کردووە، لەوانە:

((ئەو دەستەواژەیە، کە لە ڕستەدا ئەرکی ناوێک دەبینێ))[5]، لەم پێناسەیەدا لە ڕووی ئەرکەوە پێناسەی گرێی ناوی کراوە، بەو واتایەی گرێی ناوی هەموو ئەو ئەرکانە دەبینێت، کە ناو دەیبینێت، وەکو ئەرکەکانی(بکەر، بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە.....) کەموکوڕیی ئەم پێناسەیە لەوەدایە، کە نووسەر باسی پێکهاتەی گرێی ناوی و سەرە و دیارخەرەکانی نەکردووە.

گریی ناوی(( ئەو پێکهاتەیە کە سەرەکەی ناوە، یان ناوئاسایە وەك جێناو، ئەم سەرەیە بۆی هەیە بەهۆی دیارخەرێکەوە، یان چەند دیارخەرێکەوە فراوان بکرێت، کە دیارخەرەکان، یان دەکەونە پێش سەرە، یان دوای سەرە یان دەکەونە هەردوو لاوەی سەرە،واتە پێش سەرە و دوای سەرە))[6]، لەم پێناسەیەدا نووسەر هەموو لایەنەکانی بابەتی گرێی ناوی خستۆتەڕوو.

((گرێی ناوی بەو گرێیانە دەوترێت کە سەرەکەی ناوە))[7]، لەم پێناسەیەدا نووسەر جەختی لەوە کردۆتەوە، کە گرێی ناوی مەرجە سەرەکەی ناو بێت.

---

[1]- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠)، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ل 34.

[2]- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، ل8.

[3]- ساجیدە عەبدولڵا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، ل 212.

[4]- کۆمەڵێک لە مامۆستایانی زمانی کوردی (٢٠١٢) فەرهەنگی هەرزە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل210.

[5]- نوری عەلی ئەمین (٢٠١٢)، ڕێزمانی کوردی، ڕێکخستن و لەچاپدانەوەی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل 27.

[6]- ساجیدە عەبدولڵا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، ل 12.

[7]- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٧)، ڕستەسازی، 148.

بە ڕەچاوکردنی لایەنە جیاوازەکانی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین: گرێی ناوی: جۆرێکە لە جۆرەکانی گرێ، کە سەرەکەی ناوە، یان جێناوە.

دەبێ ئەوەش بوترێ، کە هەموو ڕستەیەک لە گرێی ناوی و گرێی کاری پێکدێت، هەروەکو( چۆمسکی) ئاماژەی پێکردووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ڕستە= گرێی ناوی + گرێی کاری[1]، کەواتە گرێی ناوی نیوە واتای ڕستە هەڵدەگرێت.

بەشێوەیەکی گشتی هەموو گرێیەکی ناوی پێکهاتووە لە ڕەگەزێکی سەرەکی (سەرە) کە بە ناوێك دەناسرێتەوە لەگەڵ وشەیەکی شوێنکەوتوو، یان زیاتر، کە بە ئارەزووە، ئەمەش ئەو جۆرە گرێ ناوییانە دەگرێتەوە، کە لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا لانەدراون و لە شێوەی (مۆرفیمێکی بەند) لەناو گرێی کاریدا، جێگیرکرابن، ڕیزبوونێکی فراوانی ئەم شوێنکەوتووانەش هەیە و ناتوانرێت سنوورێك بۆ ئەوە دابنرێت، کەوا چەند لەو شوێنکەوتووانە دەشێن لە تاکە گرێیەکی ناویدا هەبن.[2] بەڵام ئەگەر لە ڕادەبەدەر درێژدادڕی بکەیت، ئەوا لە ڕووی کۆزمانەوانییەوە لەلایەن وەرگرەوە گوتنەکان ڕەتدەکرێنەوە، چونکە دەبێتە هۆی قەلسبوون و وەڕزبوونی.

گرێی ناوی، گرێیەکە کە سەرەیان ناوە، یان جێناوە[3]. واتە سەرەی گرێی ناوی، ناوە، یان ناوئاسایە.

یاخود گرێی ناوی بەشێکی سەرەکی ڕستەیە، کە لە (ناو، جێناو) دروستدەبێت و بە سەرەی گرێیەکە دەناسرێت.[4]

لێرەدا دیارە گرێی ناوی ئەو پێکهێنەی ڕستەیە، کە لە سادەترین ڕۆناندا لە ناوێك پێکدێت و بۆ گەورەترین ڕۆنانیش کۆتاییەکی کراوەی هەیە، بەڵام لەڕووی کارەکییەوە هەموو گرێیەك کۆتایەکی داخراوی هەیە[5]

کەواتە گرێی ناوی لە ناوێك یان زیاتر پێکدێت. (کە دەڵێین زیاتر واتا ژمارەیەکی بێ کۆتایی) [6].

جێگەی باسە گرێی ناوی لە سادەترین باریدا لە ناوێك پێکدێت، ئەم ناوە دەبێتە سەرەی گرێیەکە، واتا سەرەی گرێی ناوی پێکدەهێنێت، هەروەها دەشێت سەرەی گرێیەکەش بە چەند کەرەستەیەکی لاوەکی فراوانبکرێت، ئەو کەرەستانەش لە پێش، یان لە پاش سەرە دەردەکەون، بەمەش ڕۆنانی گرێیە ناوییەکە فراواندەکەن[7].

---

1- سەرچاوەی پێشوو، 66.

2- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠)، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا ،ل 34.

3- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٧)، ڕستەسازی، ل 133.

4- چیا عەلی مستەفا (٢٠٠٨)، ڕادە و ئەرکی سینتاکسی و سیمانتیکی لە زمانی کوردیدا، ل 49.

5- دیار علی کمال(2002)، ڕێزمانی کوردی - ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، ل 39.

6- وریا عومەر ئەمین(2004)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی،ل 200.

7- ئومێد بەرزان برزۆ(2011)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، ل 19.

کەواتە وەك دەردەکەوێت گرێ وەك کاتیگۆرێکی سینتاکسی لە ڕووی ڕۆنانەوە لە ڕستە بچووکترە ((بەوەی کە شوێنی ڕۆنانێکی لە ڕستە نزمتر دەگرێت، لە وشەش گەورەترە بەو پێیەی کە شوێنی ڕۆنانێکی باڵاتر لە وشە دەگرێت، بەمەش گرێ پێکهێنێکی ناوەندییە دەکەوێتە نێوان وشە و ڕستەوە)).[1]

لێرەدا دیارە، کە گرێی ناوی ئەو پێکهێنەی ڕستەیە، کە لە سادەترین ڕۆنانیدا لە ناوێك پێکدێت و بۆ گەورەترین ڕۆنانیش کۆتاییەکی کراوەی هەیە، بەڵام لە ڕووی کارەکییەوە هەموو گرێیەك کۆتاییەکی داخراوی هەیە، چونکە سنووورداری توانای دەربڕینی ئاخێوەر و سنووورداری توانای تێگەیشتنی گوێگریش ڕێگە لە بێکۆتاییبوونی درێژی گرێ دەگرن، داردەی فراوانکردنەکەش تایبەتە بە سروشتی گرێیەکە.

هەموو گرێیەك سادە بێت، یان فراوانکراو، سەرەیەکی ڕێزمانی هەیە. لە گرێی فراوانکراودا، سەرە دەبێتە دیارخراو. بە دەرکەوتنی دیارخەر لەگەڵ دیارخراودا گرێ سنووری سادەیی تێدەپەڕێنێت. هەبوونی (سەرە) لە گرێدا پێویستییە و لە گرێی ناویدا مەرجە تەنیا یەك سەرە هەبێت. لە هەندێك باردا، سەرە لە ڕۆنانی سەرەوەی گرێدا دەرناکەوێت، ئەمەش نیشانەی نەبوونی نییە، چونکە لە ڕێگەی واتا و سەلیقەی زمانییەوە هەست بە هەبوونی دەکرێت و پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی نێوان پێکهێنەکانی گرێ، هەبوونی سەرە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا ئاشکرا دەکەن.[2]

لە گرێدا سەرە گرنگترین کەرەستەیە، کە کۆمەڵێ تایبەتمەندیی هەیە، چونکە سەرە لووتکەی گرێ لە خۆی کۆدەکاتەوە، بەجۆرێك هەموو گرێیەك سەرەیەکی هەیە، کە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانە:

1- سەرە لە گرێدا هەڵگری گرنگترین زانیاریی سیمانتیکییە.

2- پۆلی وشەی سەرە، پۆلی وشەکانی ناو گرێیەکە دەستنیشان دەکات.

3- سەرەکان هەمیشە بەخورتین.

4- سەرە هەمان دابەشبوونی گرێی هەیە، چونکە سەرە کۆی کەرەستە شوێنکەوتووەکانیەتی.

5- سەرەکان کەرەستە شوێنکەوتووەکانی گرێ لە پۆلی وشەی تایبەت هەڵدەبژێرن.

6- سەرەکان لەگەڵ کەرەستە شوێنکەوتووەکانی خۆیان لەسەر هەندێك، یان هەموو نیشانە ڕێزمانییەکانی هەمان سەرە ڕێکدەکەون.

7- سەرەکان لەوانەیە پێویستییان بەوە هەبێت، کە کەرەستە شوێنکەوتووەکان لە پێکهاتەی گرێی ناویدا لە دۆخێکی ڕێزمانی تایبەتدا بن.

8- سەرە پلەیەکی مۆرفۆسینتاکسی هەیە و هەڵگری نیشانەیەکی ڕێزمانییە، کە بۆ هەموو گرێیەکە دەگەڕێتەوە.

9- سەرە دەسەڵاتی بەسەر کەرەستە شوێنکەوتووەکانی خۆیدا هەیە.

---

[1]- Fattah, M,M.(1997), A generative grammar of Kurdish, University of Amsterdam.

[2]- دیار علی کمال(2002)، ڕێزمانی کوردی - ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، ل 42.

10ـ لە گرێدا دەتوانرێت کەرەستە لاوەکییەکان لاببرێت، بەبێ ئەوەی کار لە پێکهاتە و واتای گرێیەکە بکەن، بەڵام ناشێت سەرەی گریێ لە ڕستەدا لاببرێت، ئەگەر لاشببرێت، ئەوە لە ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەدا دەمێنێت و بوونی هەیە.[1]

### ٢-2: جۆرەکانی گرێی ناوی لە ڕووی ڕۆنانەوە

گرێی ناوی وەک دانەیەکی سینتاکسی، لە ڕووی ڕۆنانەوە دەکرێت بە چەند جۆرێک، کە ئەمانەن:

### ١-٢-2 : گرێی ناوی سادە

بەو جۆرە گرێیانە دەوترێت، کە لە سەرەیەک، یان لە سەرەیەک و دیارخەرێک، یان چەند دیارخەرێک پێکدێت[2]، کە ئەمەش دەبێتە دوو جۆر، کە ئەمانەن:

### ١-١-٢-2 : گرێی ناوی سادەی ناوک

سادەترین جۆری گرێی ناوییە، کە لە سەرەیەک پێکدێت، کە دەشێت ناوێک، یان جێناوێک، یان چاوگێک بێت[3]، یان ئەو گرێیانەن، کە سەرەیان بریتییە لە ناوێك، ناوئاسایەك، چەند ناوێك، یان چەند ناوئاسایەك و کەرەستەی تر نەبووبێتە دیارخەری سەرەکەی، چ لە پێشەوەی چ لە دواوەی چ لە هەردوو لاوەی.

وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

ـ من تازە چاوم کردەوە.

لەم ڕستەی سەرەوەدا جێناوی(من) ،کە جێناوێکی کەسی سەربەخۆیە بۆ کەسی یەکەمی تاک، لەڕووی سینتاکسەوە گرێیەکی ناوی سادەی ناوکە، چونکە گرێیەکە تەنیا لە سەرە پێکهاتووە.

ـ نامەکە نووسرا.

ـ ڕاوکردن پیشەیەکی خۆشە.

لەم نموونانەی سەرەوەدا، وشەکانی(نامەکە، ڕاوکردن) دەبنە گرێی ناوی سادەی ناوک، چونکە گرێی ناوییەکە لە یەک وشە پێکهاتووە، کە سەرەی گرێیەکەیە، کە لە ڕستەی یەکەم (نامەکە) ناوە و لە ڕستەی دووەم (ڕاوکردن) چاوگە.

---

[1]ـ ئومێد بەرزان برزۆ(2011)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، ل 15 ـ 16.
[2]ـ ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، ل 12.
[3]ـ ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٢٠)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، ل21.

كەواتە گرێی ناویی ناوك، كە سەرەكەیان بریتی بێت لە ناوێك، ناوئاسایەك(1)، ئەوە دەگەیەنێت سادەترین گرێی ناوی لە ناوێك، یان ناوئاسایەك پێكدێت و ئەم ناوە، یان ناوئاسایەش ناوی سەرەی گرێیەكەیە[2].

گرێی ناویی پێكدێت لە:[3]

(ناوێك، ناوئاسا، ناوی سادە، ناوی داڕژاو، ناوی لێكدراو، ناوی تایبەتی، ناوی گشتی، ناوی كۆمەڵ، ناوی نێر، ناوی مێ، ناوی دوولایەن، ناوی بێلایەن، ناوی نەناسراو، ناوی ناسراو، ناوی بەرجەستە، ناوی واتایی، چاوگ، ژمارە، بریناو، نازناو، جێناوی كەسی سەربەخۆ، جێناوی خۆیی، جێناوی پرس، جێناوی نیشانە، جێناوی پێكگۆڕی، ئاوەڵناوی بنجی، ئاوەڵناوی پلەی باڵا،ئاوەڵناوی بكەری داڕێژراو، ئاوەڵناوی بكەری لێكدراو، ئاوەڵناوی كراوی داڕێژراو، ئاوەڵناوی كراوی لێكدراو.

**- ناوی سادە: گوڵ دەڕوێنێت.**
**- ناوی داڕژاو: جامیلكەم كڕیوە.**
**- ناوی لێكدراو: ماستاو دەخۆمەوە.**
**- ناوی تایبەتی: نەوزاد هات.**
**- ناوی گشتی: پەنجەرەم كردووەتەوە.**
**- ناوی كۆمەڵ: گەل بە خوێندن پێشدەكەوێت.**
**- ناوی نەناسراو: ئاو دەخۆمەوە.**
**- ناوی ناسراو: كراسەكە سپییە.**
**- ناوی نێر: بەرانی من قەڵەو بووە.**
**ناوی مێ: ماكەوی قاسم جوانە.**
**ناوی دوو لایەن: گوێرەكەكەم بەستووەتەوە.**
**ناوی بێلایەن: دەرگا دادەخەم.**
**ناوی بەرجەستە: ترێم كڕیوە.**
**ناوی واتایی: تەبایی بناغەی پێشكەوتنی كۆمەڵگەیە.**
**چاوگ: گەل بە خوێندن پێشدەكەوێت.**
**ژمارە: من چواریان دەفرۆشم.**
**بریناو: وەستا هاتووە.**
**نازناو: سافی شاعیرێكی ناودارە.**
**جێناوی كەسی جودا: ئەو چوو بۆ دهۆك.**
**جێناوی خۆیی: خۆیان هاتن.**

---

[1]- صلاح حوێز رسوڵ(2006)، ڕستەسازی و واتاسازی (بوون)، نامەی ماستەر، كۆلیژی پەروەردە، زانكۆی كۆیە،ل 41.

[2]- طالب حسین علی(1998)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە كوردیدا، ل 16.

**3**ـ خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول (2007 ) بەركار لە زمانی كوردیدا بەپێی ڕێبازی فۆڕمی، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، لا40.

**جێناوی پێکگۆڕی: ئێمەی قوتابی یەکترمان خۆشدەوێت.**
**جێناوی پرس: کێ دەرگاکەی داخستووە.؟**
**جێناوی ی نیشانە: ئەوە بێنە.**
**ئاوەڵناوی بنجی: کابرای جوانەمەرگ پیاوێکی باش بوو.**
**ئاوەڵناوی پلەی باڵا: زیرەکترین قوتابی خەڵاتکرا.**
**ئاوەڵناوی بکەری دارِژاو: کابرای فرۆشیار دانیشتووە.**
**ئاوەڵناوی بکەری لێکدراو: بڕیاری بەڕێوەبەر جێبەجێدەکەین.**
**ئاوەڵناوی کراوی دارِژاو: گۆشتی برژاو دەخوات.**
**ئاوەڵناوی کراوی لێکدراو: مرۆڤی دڵسووتاو مەرِەنجێنە.**

### 2-2-1-2: گرێی ناوی سادەی فراوانکراو

گرێی ناویی سادەی فراوانکراو یەکێکە لە جۆرەکانی گرێ. لە ڕووی ڕۆنانەوە کە بریتییە لەو گرێیەی سەرەکەی دیارخەرێک، یان زیاتر لە دیارخەرێکی لەگەڵدایە[1]. دیارخەرەکانیش دەبن بە دوو جۆر، کە ئەمانەن:

**2-۲-۱-۲-۱: دیارخەرەکانی پێش سەرە**

بریتین لە کۆمەڵە کەرەستەیەک، کە دەکەونە پێش سەرەی گرێی ناوی و بەبێ یاریدەی مۆرفیمی خستنەسەر، لەگەڵ ناوەکە لێکدەدرێن و ئەرکی دیارخەر دەبینن[2]، یان کەرەستەکانی پێش سەرەی گرێی ناوی، جگە لە ژمارەی کەرتی بەبێ مۆرفیمی خستنەسەر پەیوەندییان بە سەرەی گرییە ناوییەکەوە دەبێت و فراوانیدەکەن.[3]

کەواتە پێش سەرەکان ئەو کەرەستانەن، کە خانەی پێش سەرەی گرێیەکە دەگرن، لە زمانی کوردیدا ئەو کەی ئەم خانەیە دەگرن بریتین لە (ژمارە، ئاوەڵناوی نیشانە، ڕادە، جێناوی نەفی، ئاوەڵناوی پلەی باڵا........).

دیارخەرەکانی پێش سەرە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانە:

1- پێش سەرەکان بەبێ مۆرفیمی خستنەسەر بەشداری لە فراوانکردنی گرێی ناویدا دەکەن، جگە لە مۆرفیمی ژمارەی کەرتی.

2- لەکاتی پێش سەرەکانی ( ڕادە، ئاوەڵناوی پلەی باڵا، ئاوەڵناوی نیشانە)دا، سەرە توانای وەرگرتنی مۆرفیمی ناسیاوی نامینێت.

**- زۆر کەسێك * / کەسەکە**
**- جوانترین گوڵێك * / گوڵەکە**
**ئەو پیاوەکە * / پیاوەکە**

---

[1]- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی (۲۰۱۳)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، ل13.
[2]- ئومێد بەرزان برزۆ (۲۰۲۰)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، ل24.
[3]- صلاح حویز رسول،2006،ڕستەسازی و واتاسازی بوون، ل45.

3ـ لەم کۆمەڵە پێش سەرانەدا توانای دووبارەبوونەوە لە یەك کۆمەڵەدا نییە، واتە ئەم شێوە ڕۆنانە ڕێگە پێنادرێت:

( ژمارە + ژمارە + ناو)

(ئامرازەکانی نیشانە + ئامرازەکانی نیشانە + ناو )..................هتد

جگە لە لە ئاوەڵناوی پلەی باڵا و مۆرفیمەکانی دەرهاویشتن (هەر، تەنیا...)

**ـ دوو چوار قوتابی ***

**ـ ئەم ئەو کوڕە ***

ـ جوانترین و ناسکترین تابلۆ فرۆشرا.

ـ هەر تەنیا کار بە قاسم دەکەم.

دیارخەرەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١ـ ئامرازەکانی دەرهاویشتن:

ئامرازەکانی دەرهاویشتنی، وەکو: (هەر، تەنیا) لەپێش سەرەی گرێی ناوی دێن و دەبنە دیارخەری گرێیە ناوییەکە[1]، وەکو:

**ـ هەر کچ هاتن.**

**ـ تەنیا کچ هاتن.**

لەم نموونانەی سەرەوەدا هەر یەکە لە وشەکانی(هەر، تەنیا) دەبنە دیارخەری گرێی ناوی.نموونەیەکی تر:

**هەر (کۆکەن) و (مەجنوون)ە کوڕی کێو و بیابان**
**غەیری کون و قوژبن کە لە فەرزانە حەرامە [2]**
**عوششاقی جگەرسۆختە هەر حەسرەتە بەشیان**
**لوتفی نییە مەعشووقە لە بۆ عاشقی فانی [3]**
**لە سەیری خەستەخانەی عیشق ئەوی سەوزەی کەوا شینە**
**لە سەر هەر خەستە دێ یا خوێندنی یاسنە، یا شینە [4]**

٢ـ جێناوی نیشانە:

جێناوی نیشانە لە زمانی کوریدا ژمارەیان چوارن، کە بریتین لە:(ئەمە، ئەوە، ئەمانە، ئەوانە)[1]، کە جێناوەکانی نیشانە لەپێش سەرەی گرێی ناوی دێن و دەبنە دیارخەر بۆی، وەکو:

---

[1]ـ ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، 13.

[2]ـ مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم(1390)، دیوانی مەحوی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئانا، تاران، ل358.

[3]ـ سەرچاوەی پێشوو، ل 393.

[4]ـ سەرچاوەی پێشوو، 365.

**ـ ئەمە کچەکەیە.**

لەم ڕستەی سەرەوەدا، وشەی (ئەمە) جێناوی نیشانەیە و ئەرکی دیارخەری گرێی ناوی بینیوە.

هەروەها دەبێ ئەوە بوترێت، کە دوای ئەوەی دیارخراوەکانیان لادەبرێن، دیارخەرەکان کە جێناوی نیشانەن، شوێنی دیارخراوەکانیان دەگرنەوە و ڕۆڵەکانیان دەگێڕن[2]، بۆ نموونە:

**سەفین ئەمە و ئەوە و ئەوانە دەکڕێ.**

٣ـ ژمارە:

ژمارەش دەبێتە دیارخەر بۆ گرێی ناوی[3]، وەکو:

**ـ دوو منداڵ خنکان.**

**ـ چوار کەس هاتن.**

لەم ڕستانەی سەرەوەدا وشەکانی(دوو، چوار)، کە ژمارەن، ئەرکی دیارخەری گرێی ناوییان بینیوە، بۆ نموونە:

**<u>دوو ئەسپە</u> مەنزڵت پێ تەی دەکەن تا سەرحەدی مردن**
**بە دیققەت (مەحویا) تێفکرە، شەو شەبدێزە، ڕۆژ ئەشهەب** [4]

**من ڕۆژ ڕەشم و فەرقی نییە ڕۆژی من لە شەو**
**<u>سەد ڕۆژ</u> ئەگەر هەڵێ لە سەرم، ڕۆژم هەر شەوە** [5]

کەواتە دەشێت سەرەی گرێ ناوییەکان، ژمارە بێ، دوای ئەوەی دیارخراوەکانیان لادەبرێن، دیارخەرەکان کە ژمارەن، شوێنی دیارخراوەکانیان دەگرنەوە و ڕۆڵەکانیان دەگێڕن[6]، بۆ نموونە:

**لە پێشبڕکێی ڕاکردنی سەد مەتریدا یەکەم و دووەم و سێیەم خەڵات دەکەن.**

٤ـ ئامرازەکانی نیشانە:

ئەو ئامرازانەن کەوا ناوێک نیشان دەکەن و دەبنە دیارخەری گرێی ناوی، وەکو ئامرازەکانی(ئەم...ە، ئەو...ە، ئەم...انە، ئەو...انە)[7]، وەکو:

---

1ـ ڕەفیق شوانی (٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل45.

2ـ خەسرۆ ئەحمەد ڕەسوڵ (2007)، بەرکار لە زمانی کوردیدا ـ بەپێی ڕێبازی فۆرمی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی زمان، ل 44.

3ـ حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠)، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا، ل44.

4ـ مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم (1390)، دیوانی مەحوی، ل102.

5ـ سەرچاوەی پێشوو، 103.

6ـ خەسرۆ ئەحمەد ڕەسوڵ (2007)، بەرکار لە زمانی کوردیدا ـ بەپێی ڕێبازی فۆرمی، ل44.

7ـ ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، ل13.

**ـ مەستانە هەڵستێت و بە کوێرەیی ڕوقەبا بێ.**
**ئەم باب زەنە گەرم و تەڕی کا بە کەبابێ** [1]

لەم دێرە شیعرەی سەرەوەدا(ئەم....ە)، کە ئامرازی نیشانەیە بووەتە دیارخەری گرێی ناوی( باب زەن).

نموونەیەکی تر: ئەم گوڵە سوورە.
نموونەیەکی تر: ئەم کرێکارانە کاردەکەن.
نموونەیەکی تر:ئەو کوڕە برامە.
نموونەیەکی تر: ئەودارانە مەبڕن.

٥ـ وشەی ڕادە(چەندێتی):

ڕادەش دەتوانێت ببێتە دیارخەری گرێی ناوی[2]، وەکو ڕادەکانی:(هەندێک،ـکەم، چەند، هەموو، هیچ، ...)[3]، وەکو:

**ـ هەموو قوتابییەکان ئامادەبوون.**

لەم ڕستەی سەرەوە وشەی (هەموو) ڕادەیە و ئەرکی دیارخەری گرێی ناوی بینیوە، نموونەیەکی تر:

**ئەوەندەی ئەهلی دنیان ئەهلی دنیا ، تاقە ڕۆژێ گەر**
**بە قەڕنێ من ئەوەندە ئەهلی خودا بم دەبمە پێغەمبەر**[4]

لە زمانی کوردیدا هەر ئاوەڵناوێك دەشێت وشەیەکی ڕادەی لەگەڵدا دەربکەوێت.[5]. وەك:

**ـ بارانێکی زۆر بەهێز باری.**
**ـ گوڵێکی زۆر جوانی ئێجگار بۆنخۆش لە باخەکەدا پشکوتووە.**
**ـ منداڵە زۆر لاسارە هەرە ناشیرینەکە هات.**

٦ـ مۆڕفیمی پرس:

مۆڕفیمی پرس دەبێتە دیارخەری گرێی ناوی . وەکو(6) ، وەکو:

ـ چەند کچ نانیان خوارد؟

---

[1]ـ مەلا عەبدولکەریم مدرس و فاتح عەبدولکەریم (١٣٨٣)، دیوانی نالی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئازەربایجانی غەربی، چاپی دووەم، سەردەشت، ل627.

[2]ـ عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ل40.

[3]ـ ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٢٠)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، ل 26.

[4]ـ مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەممەدی مەلا کەریم(1390)، دیوانی مەحوی، ل175.

[5]ـ أحمد حسن فتح الله(1990)، بکـــــەر وەك بەشێکی سەرەکی ڕستـــە لە زمانی کوردی دا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین، ل18.

[6]ـ تاریق ساڵح (٢٠٠٨)، چەند سەرنجێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ل 175.

لەم نموونەی سەرەوەدا وشەی (چەند)، کە وشەی پرسە بووەتە دیارخەری ناوی (کچ)، نموونەیەکی تر:

**بەڵایەکە، چ بەڵا؟ خوبثی باطینی هەمدەم**

**بە بێنی دەمیە دەکا وەقتی عەیشی من ناخۆش**[1]

٧- وشەی نەفی:

وشەی نەفیش دەتوانێت ببێتە دیارخەری گرێی ناوی، وەکو: وشەکانی(هیچ، چ،...)[2]، وەکو لەم ڕستەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**- هیچ کەسێک ئامادە نییە.**

لەم نموونەدا وشەی(هیچ) وشەیەکی نەفییە و ئەرکی دیارخەری گرێی ناوی دەبینێت.

٨- وشەکانی بریناو(نیشانەی کۆمەڵایەتی):

ئەو وشانەی کە بۆ بریناو یان وەك نیشانەی کۆمەڵایەتی بەکاردێن، دەکرێت ببنە دیارخەری گرێی ناوی، وەکو وشەکانی: (دکتۆر، کاک، مامۆستا، پرۆفیسۆر، خاڵە، پووری مامە، کاکە، شەهید، شێخ، مەلا، حاجی، ...)، کە لەپێش گرێیە ناوییەکەوە دێن[3]، وەکو:

ئەم نموونانەی خوارەوە:

**مامۆستا نەوزاد دانەمەزراوە.**

**شەهید جوامێر پیاوێکی زۆر ئازابوو.**

**دکتۆر هاوکار دکتۆرێکی بەتواناى منداڵانە.**

لەم ڕستانەی سەرەوەدا هەر یەکە لە وشەکانی( مامۆستا، شەهید، دکتۆر، ...) بریناون و ئەرکی دیارخەری گرێی ناوی دەبینن. نموونەیەکی تر:

**وتی : (مەحوی) من و تۆ ئافتاب و سایە تیمثالین**

**جەنابی من کە دەرکەوتم، دەبێ تەشریفی تۆ بڕوا** (4)

واتە دەشێت سەرەی گرێ ناوییەکان بریناو و نیشانە کۆمەڵایەتییەکان بێت، دوای ئەوەی دیارخراوەکانیان لادەبرێن، دیارخەرەکان کە بریناو و نیشانەی کۆمەڵایەتین، شوێنی دیارخراوەکانیان دەگرنەوە و ڕۆڵەکانیان دەگێڕن[5]، بۆ نموونە:

**کوڕەکە مامۆستا و دکتۆر و حاجی بۆ ئاشتەواییەکە هێنابوو.**

9- نازناو

---

[1]- مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم (1390)، دیوانی مەحوی، ل205.

[2]- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٥)، ڕێزمانی کوردی، چاپی حەوتەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل 48.

[3]- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا،ل41.

[4]- مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم (1390)، دیوانی مەحوی، ل66.

[5]- خەسرۆ ئەحمەد ڕەسوڵ (2007)، بەرکار لە زمانی کوردیدا - بەپێی ڕێبازی فۆرمی، ل44.

دەشێ سەرەی گرێ ناوییەکان نازناو بێت، دوای ئەوەی دیارخراوەکانیان لادەبرێن، دیارخەرەکان کە نازناون، شوێنی دیارخراوەکانیان دەگرنەوە و ڕۆڵەکانیان دەگێڕن[1]، بۆ نموونە:

**ئەو نالی و فەقێی تەیرانی دیوە.**

لێرەدا ئاماژە بە نازناوی هەردوو شاعیران (سافی) و (بێکەس) دراوە.

٩- ئاوەڵناوی پلە باڵا:

ئاوەڵناوی پلەی باڵا لە ڕووی پلەوە یەکێکە لە جۆرەکانی ئاوەڵناو، ئەم جۆرە ئاوەڵناوەش دەبێتە دیارخەری گرێی ناوی[2]، کە لەپێش گرێی ناوییەکەوە دێت، وەکو لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**چاکترین بەشم هەڵبژاردووە.**

**باشترین ئۆتۆمبێلم کڕیوە.**

لەم دوو نموونەی سەرەوە وشەکانی(چاکترین، باشترین) ئاوەڵناوی پلەی باڵان و ئەرکی دیارخەری گرێی ناوی دەبینن.

١٠- ناوی ئاوەڵکاری:

لێرەدا مەبەست ئەوەیە، کە هەندێک وشە هەن ئاوەڵکارن، وەکو:( سەر، ژێر، بن، دوا، بەرانبەر، لا، ....)، کە لەپێش گرێی ناوی دێن و دەبنە دیارخەری گرێییە ناوییەکە[3]، وەکو لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**بەرانبەر نەوزاد دانیشتووم.**

**لەژێر کورسییەکە بوو.**

لەم ڕستانەی سەرەوە(بەرانبەر، لەژێر) ئاوەڵکاری شوێنین و دەبنە دیارخەری گرێی ناوی (نەوزاد، کورسی).

11- مۆڕفیمی ژمارەی کەرتی

مۆڕفیمی ژمارەی کەرتی لەپێش سەرە بەهۆی مۆڕفیمی دانەپاڵی (ی) دەبێتە دیارخەری پێش سەرە، بۆ نموونە:

چواریەکی زەوییەکە دەفرۆشێت.

12- زیاتر لە کەرەستەیەک دەبنە دیارخەری پێش سەرە:

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل44.

[2]- ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٢٠)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، ل26.

[3]- سەرچاوەی پێشوو، ل26.

لێرەدا مەبەست ئەوەیە، کەوا دیارخەرەکانی پێش سەرە زیاتر لە وشەیەکن جا ئەو وشانە دەکرێت ژمارەیەک و ناوێک بن، یان جێناوی پرس و ژمارەیەک بن، یان ئامرازێکی دەرهاوێشتن و ئاوەڵناوێکی نیشانە و ژمارەیەک بن یان ...هتد.[1] ، وەکو:

**هەر ئەم سێ کوڕە بێنە.**

**هەر ئەم پێنج مامۆستایە هاتوون.**

**پازدە پارچە قوماشیان کڕی.**

لەم ڕستانەی سەرەوە وشە هێڵ بەژێردا هاتووەکان ئەرکی دیارخەری گرێی ناوی دەبینن. نموونەیەکی تر:

**ئەم شەش کەسە حەبیبی حەقن بە حەق**
**هەر کەس کە مونکیرە لە خیتامی مەبە ئەمین** (2)
**هەر ئەم تەریقە بوو بە هەموو صەحبی گرتیان**
**ڕۆیین پیا، هەتا گەینە مەرتەبەی و سوول** (3)

**نموونەیەکی تر: هەر تەنیا ئەم سێ شیش گۆشتە دەبرژێنم.**

دەشێت پێنج دیارخەری پێش سەرە، یەك لەدوای یەك بێن[4]. بۆ نموونە:

**هەر تەنیا ئەم سێ جووت گۆرەوییە دەفرۆشم.**

### 2-٢-١-٢-٢ : دیارخەرەکانی پاش سەرە

ئەو کەرەسانەی دەچنە خانەی پاش سەرەی گرێوە، ئەوانیش بریتین لە (ناو، ئاوەڵناو، چاوگ، جێناو، ڕادە، ئامرازی نیشانە، ئاوەڵناوی پلەی باڵا....). لەناو کۆمەڵەی ئەو کەرەستانەی دەبنە پاش سەرە(ئاوەڵناو، ناو، ڕادە) بەپێی زنجیرە لە ڕووی دووبارەبوونەوەوە چالاکن، بەڵام ئەوانی تر توانای دووبارەبوونەوەیان نییە، واتە ئاوەڵناو لە ناو زیاتر و ناو لە ڕادە زیاتر دەتوانرێت لە یەکجار زیاتر وەك دیارخەری هەمان گرێ بەکاربهێنرێتەوە، بەڵام جێناو و چاوگ ئەم توانایەیان نییە، بۆ نموونە:

- **خێزانی <u>کوڕی خاڵی دایکم</u>.**
- **کوڕی <u>کوڕی پوورم</u>...**
- **هونەرمە<u>ندێکی زۆر زۆر بەتوانا</u>.**

***- دراوسێیەکەی ماڵی برامین.**

***- ئازاری سوتان کوژران.**

---

1- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٧)، ڕستەسازی، ل 151.

2- مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەممەدی مەلا کەریم (1390)، دیوانی مەحوی، ل354.

3- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل469.

4- شیرزاد سعید صدیق (2008) ڕستەی زمانی کوردی بە پێی تیۆری کاتیگۆری و پێوانەی هالیدەی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ل65.

ئەم جۆرە گرێیە بڵاوترین جۆری گرێی ناوییە لە زمانی کوردیدا، کە لە سەرەیەک و دیارخەرێک، یان چەند دیارخەرێک پێکدێت، کە دیارخەرەکان بە هۆی مۆرفیمی خستنەسەرەوە دەکەونە دوای سەرە، ئەم دیارخەرانەش بە چەند شێوەیەک دوای سەرەی گرێی ناوی دەکەون، لەوانە:

١ـ ئاوەڵناو:

لێرەدا لەدوای گرێیە ناوییەکە ئاوەڵناو دێت، ئەویش بە یارمەتی مۆرفیمی خستنەسەر[1]، وەکو:

- **هەناری ترش بخۆ.**
- **سێوی زەرد بکڕە.**

وشەکانی(ترش، زەرد) دیارخەری گرێی ناوین.

٢ـ ناو:

ئەمەشیان لەدوای گرێیە ناوییەکە، ناوێک دێت بە یارمەتی مۆرفیمی خستنەسەر[2]، وەکو:

- **برای بڕیار کۆچی دوایی کرد.**
- **کوڕی ئازاد قوتابیی دکتۆرایە.**
- **قاتی پیاوە لەسەر ئەم ئەرزە، دەبینی مەنصور**
- **بە سەری دارەوە،(ذالنون)ە لەبن زیندانا**(3)

**ڕەقیبی سەگ حەزی بوو کوشتمت، سەیری کە چۆنی بۆم**
**دوعا بۆ دەست و تێغت من دەکەم، بڕوانە چۆنم بۆت** (4)

٣ـ چاوگ:

لەم جۆرەدا، چاوگەکە دەبێتە دیارخەری گرێیە ناوییەکە و لەدوای گرێیە ناوییەکە دێت بەهۆی مۆرفیمی خستنەسەرەوە[5]، وەکو:

**ژووری <u>خوێندن</u>یان پاکە.**
**کاری <u>خوێندن</u> پێویستە.**

وشە هێڵ بەژێردا هاتووەکان چاوگن و بوونەتە دیارخەری گرێی ناوی. نموونەی تر:

**ئەسیری وەقتی کوشتن شادەمەرگن، ناگەن کوشتن**
**لە خۆشی خۆشییا ڕۆحی فڕیوە تا چووە مەزبەح** (6)

---

1ـ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٧)، ڕستەسازی، ل 151.
2ـ ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٢٠)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، ل 28.
3ـ مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەممەدی مەلا کەریم (1390)، دیوانی مەحوی، ل63.
4ـ سەرچاوەی پێشوو، ل108.
5ـ ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، ل14.
6ـ مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەممەدی مەلا کەریم (1390)، دیوانی مەحوی، ل141.

دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە چاوگ لەڕێگەی (و)ی بەستنەوە دەتوانرێت وەك پاش سەرە دووبارە بکرێتەوە، وەك:

**- ئازاری مردن و کوژران بەسوێیە.**

٤- جێناوی کەسی سەربەخۆ:

ئەمەش دەبێتە دیارخەری گرێی ناوی[1]، وەکو جێناوەکانی:( من، ئێمە، ....)، وەکو:

**دڵی <u>من</u> گەورەیە.**

**کچی <u>تۆ</u> زۆر جوانە.**

وشە هێڵ بەژێردا هاتووەکان جێناوی کەسی سەربەخۆن و دیارخەری گرێی ناوین. نموونەی تر:

**ئاشتی تۆ، تۆری من، بۆ بێسەباتی هەردوو یەك**
**گەیوەتە حەددی یەقین، ئەم دوو یەقینەن هەردوو شەك**(2)

٥- جێناوی لکاو:

جێناوە لکاوەکانیش دەبنە دیارخەری گرێی ناوی[3]، وەکو جیناوە لکاوەکانی(م، مان، ت، ....)، وەکو:

**- کوڕەکە<u>تان</u> نەهاتووە.**

**- کچەکە<u>ت</u> نەخۆشە،**

**- پیاوەکە<u>ت</u> چۆن دەبێت بە دکتۆر؟**

وشە هێڵ بەژێردا هاتووەکان جێناوی لکاون و دەبنە دیارخەری گرێی ناوی. نموونەی تر:

**چاویان ئەم ئەهلی دنیایە، ئەوەندە برسییە**
**پادشاکانی بە دەمدا یەك سەری یەکتر دەبات** (4)

هەروەها دەشێت جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی ڕێککەوتن (م-یت-...) لەدواوەی گرێی ناوی بێت و فراوانی بکەن و ببنە دیارخەری ناو، بۆ نموونە:

**گۆڤارەکەی بردم.**

**گۆڤارەکەی بردیت.**

**گۆڤارەکەی برد.**

**گۆڤارەکەیان بردین.**

**گۆڤارەکەیان بردن.**

**گۆڤارەکانیان بردن.**

---

1- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، ل 46.

2- مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم (1390)، دیوانی مەحوی، ل263.

3- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٧)، ڕستەسازی، 152.

4- مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم (1390)، دیوانی مەحوی، ل92.

دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە هەر کاتێك جێناوی لکاو ببێتە پاش سەرە بەدوایدا هیچ پاش سەرەیەکی تر نایەت، واتە جێناوی لکاو لە ڕووی بەدیارخستنەوە گرێ دادەخات. بۆ نموونە:

***- قوتابییە بۆلەکەمانی زیرەك**

**- قوتابییە زیرەکەکەی پۆلەکەمان.**

٦- لاڕستە:

ئەمەش دەبێتە دیارخەری گرێی ناوی، کە بە هۆی مۆرفیمی خستنەسەرەوە، لەدوای گرێی ناوییەوە دێت.[1] ، وەکو:

**ئەو مامۆستایەی کە وانەمان پێدەڵێت، ناسیاومانە.**

لەم نموونەیەی سەرەوەدا، لاڕستەی (کە وانەمان پێدەڵێت) ئەرکی دیارخەری گرێی ناوی دەبینێت.

٧- جێناوی نادیار:

لێرەدا جێناوە نادیارەکانی وەکو (فڵان، فیسار، هین، کابرا، ....) لەدوای مۆرفیمی خستنەسەر دێن و دەبنە دیارخەری گرێی ناوی[2]، وەکو:

**کوڕی <u>کابرا</u> هات.**

**کچی <u>فلان</u> زیرەکە.**

وشە هێڵ بەژێرداهاتووەکان جێناوی نادیارن و بوونەتە دیارخەری گرێی ناوی.

**لە حەفتا تێپەڕیم و حەفتەیەك بۆ دین و دنیا**

**بە کاری خۆم و کاری کەس نەهاتم ، وەی چ بێکارەم** [3]

٨- نیشانەی ناسراوی:

نیشانەی ناسراویش دەتوانێت ببێتە دیارخەری گرێی ناوی[4]، کە بەبێ مۆرفیمی خستنەسەر بە ناوەکەوە دەلکێت، وەکو:

**دارەکە وشک بوو.**

**کچەکە مرد.**

لەم ڕستانەی سەرەوە نیشانەی ناسراوەی(ەکە) بووەتە دیارخەری گرێی ناوی. نموونەی تر:

---

1- ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، ل14.

2- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٧)، ڕستەسازی، ل 153.

3- مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم (1390)، دیوانی مەحوی، ل304.

4- تاریق ساڵح (٢٠٠٨)، چەند سەرنجێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ل 88.

**عەسایەکە دەستگیری ئێمە نابێ**
**پڕی ئەم دارە بێ گەر سەربەسەر دار** (1)

٩ـ خاوەنداریی زگماکی:

لەم جۆرەدا ناوی دووەم بە یارمەتی مۆرفیمی خستنەسەر دەچێتە سەر ناوی یەکەم و دەبێتە دیارخەری گرێی ناوییەکە[2]، وەکو:

**ـ قاسپەی کەو لە کێوەکان دێت.**
**ـ زەڕەی کەر دەنگێکی ناخۆشە.**

وشە هێڵ بەژێردا هاتووەکان بوونەتە دیارخەری گرێی ناوی.

١٠ـ نیشانەی کۆ:

نیشانەکانی کۆش کە بریتین لە :(ان، ات، جات، وات، هات، ەها، گەل...) دەچنە سەر ناو و بێ مۆرفیمی خستنەسەر دەبنە دیارخەری گرێی ناوی[3]، وەکو:

**ـ کچان زۆر وردن.**
**ـ کوڕان زۆربەیان حەزیان لە کچی جوانە.**
**هێڵ بەژێردا هاتووەکان دەبنە دیارخەری گرێی ناوی.** نموونەی تر:

**دەم لە دەم نانی رەقیبانی چ بێ مروەتییە**
**تێکەڵی ئاوی دەباخانە دەکا ئاوی حەیات** (4)

**ـ دێهاتەکانی هەولێر ئاوەدان دەکرێنەوە.**
**ـ میوەجاتەکانی ئەحمەد خۆشە.**
**ـ شوشەواتی قادر هەرزانە.**

١١ـ ڕادە:

وشەکانی ڕادە کە بریتین لە وشەکانی(زۆر، کەم، ....) دەچنە سەر ناو و بەیارمەتی مۆرفیمی خستنەسەر دەبنە دیارخەری گرێی ناوی[5]، وەکو:

**ـ ئاوی زۆر دەخواتەوە.**
**ـ پارەیەکی کەم بە ئێمە دەدەن.**

وشە هێڵ بەژێردا هاتووەکان ڕادەن و دەبنە دیارخەری گرێی ناوی.
کۆمەڵە وشەکانی ڕادەش لەناوخۆیاندا توانی دووبارەبوونەوەیان هەیە، وەك:

**ـ منداڵێکی زۆر جوانە.**

---

[1]ـ مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم (1390)، دیوانی مەحوی، ل165.
[2]ـ عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، ل50.
[3]ـ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٧)، ڕستەسازی، ل152.
[4]ـ مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم (1390)، دیوانی مەحوی، ل97.
[5]ـ ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٢٠)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، ل 29.

**ـ منداڵێکی زۆر زۆر جوانە.**

لەم بارەشدا تێبینی ئەوە دەکرێت، کە ناوێکی سەرەی گرێیەکە بەزۆری نیشانەی نەناسیاوی وەردەگرێت یا بێ نیشانە دەبێت، بەڵام هەرگیز سەرەی گرێیەکە لەم حاڵەتەدا ناسراو نابێت بەهۆی نیشانەی (ەکە)، لەم بارەدا، نیشانەی دیارکەری ناسیاوی (ەکە) دەگوێزرێتەوە بۆ کۆتایی دوایین دیارخەری ناو کە لەدوایەوە هاتووە، بەم شێوەیە:

**ـ * کەروێشکەکەی زۆر جوان**
**ـ کەروێشکێکی زۆر جوان**
**ـ کەروێشکە زۆر جوانەکە**
**ـ کەروێشك(ەکە)**
**ـ کەروێشکە جوان(ەکە)**
**ـ کەروێشکە جوانە ئێسك سوك(ەکە)**
**ـ کەروێشکە جوانە ئێسسووکە خنجیلان(ەکە)**

١٢ـ نیشانەکانی کۆ و ناسراوی:

لێرەدا هەردوو نیشانەی ناسراوی و کۆ بەیەکەوە دەچنە سەر ناوەکە و دەبنە دیارخەری گرێی ناوی[1]، وەکو:

**ـ دارەکان <u>مەبرنەوە</u>.**(2)
**ـ <u>کچەکان لە کاتی خۆیدا بەشوو بدەن</u>.**

هێڵ بەژێر داهاتووەکان دەبنە دیارخەری گرێی ناوی.

**چاویان ئەم ئەهلی دنیایە، ئەوەندە برسییە**
**پادشاکانی بە دەمدا یەك سەری یەکتر دەبات** (3)

١٣ـ ژمارە:

ژمارەش وەک دانەیەکی مۆرفۆلۆجی دەتوانێت لە ڕستەدا ببێتە دیارخەری گرێی ناوی بە یارمەتی مۆرفیمی خستنەسەر[4]، وەکو:

**ـ قوتابی <u>سێیەم</u> با بچێتە دەرەوە.**
**ـ ژنی <u>دووەم</u> حەڵاڵی خوایە.**

---

1ـ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٧)، ڕستەسازی، ل 153.
2ـ تاریق ساڵح (٢٠٠٨)، چەند سەرنجێکی زمانەوانی، ل95.
3ـ مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم (1390)، دیوانی مەحوی، ل92.
4ـ ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٢٠)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، ل29.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا وشە هێڵ بەژێردا هاتووەکان دەبنە  دیارخەری گرێی ناوی. نموونەی تر:

**خەتی پشتی لەبی دی، بوومە چار ئەبرۆ وتی ، وتمان**
**کە هەر کەس بەختیارە ئیختیاری چار یاری کرد**    (1)

١٤- نیشانەی نەناسراوی:

بێگومان نیشانەی نەناسراوی، وەکو نیشانەکانی(ەک، ێک، ێ) دەتوانن ببنە دیارخەری گرێی ناوی بەبێ ئەوەی پێویستییان بە مۆڕفیمی خستنەسەر هەبێت[2]، وەکو:

**بزنە<u>ک</u> مرداربۆوە.**
**پیاو<u>ێک</u> هات.**

لەم ڕستەی سەرەوەدا(ێک، ەک) نیشانەی نەناسراوین و بوونەتە دیارخەری گرێی ناوی. نموونەی تر:

**چییە دنیا، ژنێکە هەر شەوی سکپڕ بە سەد فیتنە**
**سبەینێ زوو بە خوێنی جەرگی ئەهلی دڵ دەکا بێزوو**  (3)

١٥- مۆڕفیمەکانی(وا، وەها، ئاوەها):

ئەم وشانەش دەبنە دیارخەری گرێی ناوی، ئەویش بە یارمەتی مۆڕفیمی خستنەسەر[4]، وەکو:

**- ژنی <u>وا</u>م نەدیوە.**
**- پیاوی <u>وەها</u> قسەخۆش بوونی نییە.**

مۆڕفیمە هێڵ بەژێردا هاتووەکان دەبنە دیارخەری گرێی ناوی.

١٦- ئاوەڵناوی پلەی بەراورد:

ئەم جۆرە ئاوەڵناوەش، وەکو یەکێک لە جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕووی پلەوە دەبێتە دیارخەری گرێی ناوی[5]، وەکو:

**- کچێکی تر هات.**

لەم ڕستەی  سەرەوەدا(تر) ئاوەڵناوی پلەی بەراوردە و ئەرکی دیارخەری گرێی ناوی دەبینێت.

١٧- نازناو:

---

1- مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم (1390)، دیوانی مەحوی، ل151.
2- نەریمان خۆشناو، ٢٠١٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٢.
3- مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم (1390)، دیوانی مەحوی، ل335.
4- ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٢٠)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، ل30.
5- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٥)، ڕێزمانی کوردی، ل59.

ئەمەش دەبێتە دیارخەری گرێی ناوی، وەکو نازناوەکانی(خانەقینی، پاشا، بەگ، قەساب، ئاغا، ...)[1] ، وەکو:

**- مەجیدی <u>قەساب</u> بۆ ماڵمان هاتووە.**

**- کچی <u>خانەقینی</u> زۆر جوانن.**

وشە هێڵ بەژێردا هاتووەکان بوونەتە دیارخەری گرێی ناوی.

١٨- ئامرازی پرس:

ئامرازەکانی پرس، وەکو ئامرازەکانی:(کێ، چۆن، ..) دەبنە دیارخەری گرێی ناوی[2]، وەکو:

**- کوڕی <u>کێ</u> هات؟**

**- پێنووسێکی <u>چۆنت</u> کڕی؟**

لەم ڕستانەی سەرەوەدا وشەی هێڵ بەژێردا هاتووەکان کە ئامرازی پرسن، دەبنە دیارخەری گرێی ناوی.

١٩- ئاوەڵکار:

ئەمەش وەک بەشێکی ئاخاوتن دەبێتە دیارخەری گرێی ناوی، وەکو ئاوەڵکارەکانی :( بەر، تەنیشت، سەر، ....)[3] ، وەکو:

**- کوڕەکەی بەر دووکانەکە دەناسم.**

**- باخچەکەی پێش ماڵمان بچووکە.**

لەم ڕستانەی سەرەوەدا وشەکانی(بەر دووکانەکە، پێش ماڵمان ) ئاوەڵکارن و بوونەتە دیارخەری گرێی ناوی.

هەروەها ئەگەر گرێی ناوی ناسراو بوو، ئەوا مۆرفیمی خستنەسەر(ی) بۆ(ە) دەگۆڕێت، مۆرفیمی ناسراوییەکەش دەچێتە سەر دوا دیارخەر، وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**- قوتابییە زیرەکەکە هات.**

**- قوتابییە جوانە ژیرە هەژارەکە هات.**

جگە لەمەش دەتوانرێت گرێی ناوی فراوانبکرێت بە لێکدانی هەردوو جۆری دیارخەرەکان(دیارخەرەکانی پێش سەرە و دیارخەرەکانی دوای سەرە) ، بۆ نموونە:

**<u>تەنیا ئەو سێ کوڕە قۆزەی، کە دوێنێ بینیمانن</u> بۆئێرە هاتوون.**

**<u>ئەو هەموو گوڵە جوانانەی تۆ</u> دەگەشێنەوە.**

**ئاشتی تۆ، تۆری من، بۆ بێسەباتی هەردوو یەك**
**گەیوەتە حەددی یەقین، <u>ئەم دوو یەقینەن</u> هەردوو شەك** [4]

---

[1]- ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٢٠)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، ل30.

[2]- ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، ل 13.

[3]- ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٢٠)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، ل30.

[4]- مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم (1390)، دیوانی مەحوی، ل263.

**2-٢-٢ : گرێی ناوی لێکدراو:**

بریتییە لەو گرێیەی، کە لە دوو گرێی سادە، یان زیاتر پێکدێت بە پێی پێویست[1]، ئەم جۆرە گرێیەش بەهۆی مۆرفیمەکانی(و) و (لەگەڵ) دروستدەبێت، کە ئەم مۆرفیمانە گرێیە سادەکان لێکدەدەن، ئەمەش بە دوو شێوە دەبێت:

**2-٢-٢-١ : لێکدانی دوو گرێی سادە، یان زیاتر بەهۆی مۆرفیمی(و)**

لێرەدا گرێیە سادەکان بەهۆی مۆرفیمی(و) لێکدەدرێن، وەکو:

**ـ نەسرین و سارا خوشکن.**

**ـ دایک و باوک و کوڕ و کچەکانم ئامادەبوون.**

لە ڕستەی یەکەم(نەسرین) گرێی ناوی سادەی ناوکە، هەروەها(سارا)ش گرێی ناوی سادەی ناوکە بەهۆی مۆرفیمی(و) لێکدراون گرێیەکی ناوی لێکدراویان پێکهێناوە.

گرێی ناوی دەکرێ بە یارمەتی مۆرفیمی بەستنەوەی (و) دووبارە بکرێت بۆ ژمارەیەکی بێکۆتا بەپێی ئەم یاسایە:

گ.ن = ن + و + ن + و + ن .................

بۆ نموونە :

**ئاواز و نەوزاد و شێرزاد.............. دەخوێنن.**

**من ئاواز و نەوزاد و شێرزاد................ دەناسم.**

لێکدانی ئەم ناوانە بە یارمەتی (و)ی بەستنەوە لە گرێی ناویدا، ناوەکان یەك پلە و پایەیان دەدرێتێ، واتە هەمان ئەرکییان دەبێت لەو ڕۆنانەی کە پێکیدەهێنن.[2]

یان بە شێوەیەکی تر، وەکو:

**ـ ئەم دوو کوڕە و ئەو کچە ئیشدەکەن.**

لەم نموونەی سەرەوە(ئەم دوو کوڕە) گرێی ناوی سادەی فراوانکراوە، هەروەها(ئەو کچە)ش گرێی ناوی سادەی فراوانکراوە، کە بەهۆی مۆرفیمی(و) لێکدراون و گرێیەکی ناوی لێکدراویان پێکهێناوە.

ئەو گرێ ناوییانەی بە هۆی مۆرفیمی (و) لێکدراون یاسایەکی ئابوورییان بەسەر جێبەجێدەبێت، ئەویش ئەوەیە،کە بەشە هاوئەرکە لەیەکچووەکان لادەبرێن[3].

ودەشێت سەرەی گرێ ناوییە لێکدراوەکەبریتی بێت لە ناوی سادە، ناوی داڕژاو، ناوی لێکدراو، ناوی تایبەتی، ناوی گشتی، ناوی کۆمەڵ، ناوی نێر، ناوی مێ، ناوی دوولایەن، ناوی بێلایەن، ناوی نەناسراو، ناوی ناسراو، ناوی بەرجەستە، ناوی واتایی، چاوگ، ژمارە، بریناو، نازناو، جێناوی کەسی سەربەخۆ، جێناوی خۆیی، جێناوی پرس، جێناوی نیشانە، جێناوی پێکگۆڕی، ئاوەڵناوی بنجی، ئاوەڵناوی پلەی باڵا،ئاوەڵناوی بکەری داڕێژراو،

---

1ـ ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، ل 15.

2ـ تالیب حوسێن عەلی (2014)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، ل24.

3ـ وریا عومەر ئەمین (2004) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل146.

ئاوەڵناوی بکەری لێکدراو، ئاوەڵناوی کراوی داڕێژراو، ئاوەڵناوی کراوی لێکدراو[1]. بەم شێوەیە:

ناوی سادە+ ناوی سادە+.......بۆ نموونە:
- ئەو سێو و پرتەقاڵ و ترێ دەفرۆشێت.

ناوی داڕژاو+ ناوی داڕژاو+.......بۆ نموونە:
- ڕۆژگار و شەوین شاعیرەکە دەناسن.

ناوی لێکدراو+ ناوی لێکدراو+.......بۆ نموونە:
- ماستاو و خۆشاو دەخواتەوە.

ناوی گشتی+ ناوی گشتی+.......بۆ نموونە:
- برنج و گەنمی چاندووە.

ناوی تایبەتی+ ناوی تایبەتی+.......بۆ نموونە:
- حەمەد و مەحموود زەوی دەکێڵن.

ناوی کۆمەڵ+ ناوی کۆمەڵ+.......بۆ نموونە:
- تیپ و سوپا مەشقێکی باشیان کردووە.

ناوی نەناسراو+ ناوی نەناسرو+.......بۆ نموونە:
- قاسم مەڕ و بزنی هەیە.

ناوی ناسراو+ ناوی ناسراو+.......بۆ نموونە:
- سەعاتەکە و ئەموستیلەکەی هێناوە.

ناوی نێر+ ناوی نێر+.......بۆ نموونە:
باوك و براکە لەوێ بوون.

ناوی مێ+ ناوی مێ+.......بۆ نموونە:
- کاروان دایك و خەسووی لەگەڵدان.

ناوی دوولایەن+ ناوی دوولایەن+.......بۆ نموونە:
- قوتابی و مامۆستا دەچن بۆ گەشت.

ناوی بێلایەن+ ناوی بێلایەن+.......بۆ نموونە:
- مێز و کورسیم پاککردەوە.

ناوی بەرجەستە+ ناوی بەرجەستە+.......بۆ نموونە:
- دەرگا و پەنجەرەم داخستوون.

ناوی واتایی+ ناوی واتایی+.......بۆ نموونە:
- باوکایەتی و دایکایەتی ئاوا ناکرێت.

چاوگ+ چاوگ+.......بۆ نموونە:
- هاتن و چوون بەم ڕێگایەدا قەدەغەیە.

ژمارە+ ژمارە+.......بۆ نموونە:

---

[1]ـ خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول (2007) بەرکار لە زمانی کوردیدا بە پێی ڕێبازی فۆڕمی، ل 43.

- مامۆستا لە پۆلدا یەکەم و دووەمی خەڵاتکرد.

ناوی بریناو+ بریناو+.......بۆ نموونە:

- مەلا و حاجی ئامۆژگاری هەرزەکارەکەیان دەکرد.

نازناو+ نازناو+.......بۆ نموونە:

- پەشێو و سەرسام دوو شاعیری خەڵکی هەولێرن.

جێناوی کەسیی جودا + جێناوی کەسیی جودا+.......بۆ نموونە:

- ئێمە و ئێوە دەچین بۆ گەشت.

جێاوی خۆیی+ جێناوی خۆیی+.......بۆ نموونە:

- خۆم و خۆت دەچین بۆ ئاکرێ.

جێناوی نیشانە+ جێناوی نیشانە+.......بۆ نموونە:

- ئەمە و ئەوە هەڵگرە.

ئاوەڵناوی بنجی+ ئاوەڵناوی بنجی+.......بۆ نموونە:

هەناری ترش و شیرینی کڕیوە.

ئاوەڵناوی پلەی باڵا+ ئاوەڵناوی پلەی باڵا+.......بۆ نموونە:

- سەعید ژیرترین و زیرەکترین منداڵە.

ئاوەڵناوی بکەری داڕژاو + ئاوەڵناوی بکەری داڕژاو+.......بۆ نموونە:

- بەرنامەکە بیسەر و بینەری زۆرە.

ئاوەڵناوی بکەری لێکدراو + ئاوەڵناوی بکەری لێکدراو+.......بۆ نموونە:

- وێنەگرەکە و دەرمانفرۆشەکە دراوسێیی یەکترن.

ئاوەڵناوی کراوی داڕژاو + ئاوەڵناوی کراوی داڕژاو+.......بۆ نموونە:

- ئەو کەسێکی سووتاوو داماوە.

ئاوەڵناوی کراوی لێکدراو+ ئاوەڵناوی کراوی لێکدراو+.......بۆ نموونە:

- ئەو دۆستی ستەملێکراو و پشتشکاوانە.

### 2-۲-۲-۲: لێکدانی دوو گرێی سادە، یان زیاتر بەهۆی مۆڕفیمی (لەگەڵ):

لێرەدا گرێیە سادەکان بەهۆی مۆڕفیمی(لەگەڵ) لێکدەدرێن، وەکو:

**- بارام لەگەڵ باران چوون بۆ زانکۆ.**

لەم ڕستەی سەرەوەدا(بارام) گرێیەکی ناوی سادەی ناوکە، هەروەها(باران)یش گرێیەکی ناوی سادەی ناوکە، کە بەهۆی مۆڕفیمی(لەگەڵ) هەردوو گرێیەکە لێکدراون و گرێیەی ناوی لێکدراویان پێکهێناوە.

یان بەشێوەیەکی تر، وەکو:

**- ئازاد لەگەڵ پیرەمێردێک و لاوێکی هەرزەکاردا هاتوونەتە دادگا.**

لەم نموونەی سەرەوەدا (ئازاد) گرێی ناوی سادەی ناوکە، بەڵام(پیرەمێردێک) گرێی ناوی سادەی فراوانکراوە، هەروەها(لاوێکی هەرزەکار) گرێی ناوی سادەی فراوانکراوە، کە

به لێکدانی هەر سێ گرێیەکە بەهۆی مۆرفیمەکانی(و) و(لەگەڵ) گرێیەکی ناوی لێکدراویان پێکهێناوە.

### 2-۲-۳: گرێی ناوی ئاڵۆز

بریتییە لەو گرێیەی کە لە ئەنجامی بوونی لێڵی واتایی لەنێوان کەرەستەکانی گرێیەکە دروستدەبێت، کەوا دەکات دوو جۆرە لێکدانەوە، یان زیاتر بۆ گرێیەکە بێتە کایەوە[1]، وەکو:

**- بنار و نەمامی زیرەک هاتن.**

لەم ڕستەی سەرەوەدا دوو گرێی ناوی تێدایە، گرێی ناوی یەکەمیان وشەی(بنار)ە، گرێی ناوی دووەمیان وشەی(نەمام)ە، کە بەهۆی مۆرفیمی(و) لێکدراون، بەڵام لەبەر ئەوەی گرێیەکە زیاتر لە واتایەک هەڵدەگرێت، بۆیە جۆرەکەی دەبێتە گرێی ناوی ئاڵۆز، کە دوو واتای جیاوازیی هەیە بەم شێوەیە:

**- (بنار و نەمامی) زیرەک هاتن. واتە هەردووکیان زیرەکن.**

**- بنار و(نەمامی زیرەک) هاتن. واتە تەنیا(نەمام) زیرەکە.**

---

1- وریا عومەر ئەمین (١٩٩٥)، لێڵی لە زماندا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ١٣٦، بەغدا، ل66-99.

# بەشی سێیەم: گرێی ناوی و دۆخ و ڕێککەوتن

## بەشی سێیەم: گرێی ناوی و دۆخ و ڕێککەوتن

### 1-3: گرێی ناوی و دۆخ

دۆخ بابەتێکی زمانەوانییە و زاراوەکە لە سەردەمی گریکەوە  بە واتای جیاجیا بەکار هاتووە[1]، زاراوەی دۆخ (**Case**) وشەیەکی لاتینییە و لە وشەی **(Casus)** وەرگیراوە، لە بنچینەدا، لە وشەی (**Ptosis**) ی گریکییەوە وەرگێڕراوە، کە لە زمانی ئینگلیزیدا، بە واتای **(fall)** دێت، کە ئەرستۆتالیس بۆ ناو و کار بەکاریهێناوە، بەڵام دواتر لە سەدەی سێیەمی پێش زایین بۆ گەردانکردنی ناو بەکارهاتووە و لەپاشان مەبەست لێی ئەو مۆرفیمانە بوو، کە وەك زیادەیەك دەخرانە سەر ناو. واتە مەبەست لێی تەنها دۆخی مۆرفۆلۆجی بووە[2]. دۆخی ڕێزمانی پەیوەندی لەنێوان بەشەکانی ڕستە دروستدەکات. ڕەواقییەکان چوار جۆر دۆخیان دیارکردووە، کە بریتین لە دۆخی نۆمینێتیڤ، ئەکیوزەتیڤ، داتیڤ و خستنەسەر[3]. بە پێی چەند ڕێباز و تیۆرێك دەشێت لە دۆخ بکۆڵرێتەوە. فیلمۆر بە پێی ڕۆنانی ژێرەوە باسی دۆخەکانی کردووە و دابەشی کردوون بۆ ئەمانەی خوارەوە[4]:

1- دۆخی کارا.
2- دۆخی ئامێری.
3- دۆخی کاریگەری.
4- دۆخی ئەنجام.
5- دۆخی شوێن.
6- دۆخی باس.

لە ڕێزمانی دێریندا تەنها باسی دۆخی مۆرفۆلۆجی دەکرا و ئەم دۆخە لە زمانەکانی لاتینی، ئەلمانی، پۆلەندی، ڕووسی، ئوردوویی، هەنگاری و **فنلەندیدا** هەیە[5] دۆخ پەیوەندیی بە مۆرفیمی توخمەوە هەیە[6]. لە دۆخی مۆرفۆلۆجیدا، ئەو مۆرفیمە زیادەییەی دەچێتە سەر گرێی ناوییەوە، پەیوەستە بە مۆرفیمی توخمی نێر و مێوە. بەم پێیە نیشانەی دۆخەکان و مۆرفیمی توخمی نێر و مێ تێکەڵ بە یەکتر دەبن[7]. لەبارەی مۆرفیمی توخمەوە،

---

1- Muhammmmad salih Barwari (2004) Astudy of  GB theory, with refrence to English and Kurdish.C ollege of arts, University of salahadin.p58

2- Blak,Barry (2004) case.2nd.United  Kingdom:sindicate of the Universty of cambridage.p18.

3- محەمەد ڕەزای باتینی (1993) ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، وەرگێڕانی حەسەنی قازی، سوید.ل 36-33

4- یوسف شریف سعید (1990) دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ل14.

5- مرتضى جواد باقر (2002) مقدمه فی نظریه القواعد التولیدیه، دار الشروق، الاردن،ص 135.

6- ك.ك. کوردۆییێف (1984) ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وەرگێڕانی کوردسان موکریانی،هەولێر. ل74.

7- سەباح ڕەشید قادر (2009) هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی زمان، ل 65.

ئەگەر ناوەکە زیندوو بوو و لە ڕووی بایۆلۆجییەوە نێر بوو، ئەوا مۆرفیمی توخمی نێر وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر ناوەکە لە ڕووی بایۆلۆجییەوە مێ بوو، ئەوا مۆرفیمی توخمی مێ وەردەگرێت. ناوە بێگیانەکان و واتاییەکانیش، کە نێر و مێی بایۆلۆجی نین، کاتێك دەکەونە دۆخەوە، ئەوا مۆرفیمی توخمی نێر و مێ وەردەگرن، بەڵام ئەو مۆرفیمە توخمە هی نێر و مێی ڕێزمانین[1]. بە پێی بۆچوونی چۆمسکی لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا، گشت گرێیەکی ناوی دۆخی هەیە، جا ئەو دۆخە، دۆخی مۆرفۆلۆجییە، ئەگەر لە ڕووی فۆنەتیکەوە دەرببڕرێت، یان دۆخی ئەبستراکتە، جا ئەگەر دۆخەکە ئەبستراکت بوو، ئەوا هیچ نیشانەیەکی مۆرفۆلۆجی لەسەر گرێ ناوییەکە دەرناکەوێت[2]. لە شێوەزارەکانی خۆشناوەتی، ڕواندز، پشدەر، باڵەکایەتی و موکریانیی دیالێکتی ناوەڕاستدا، دۆخی ڕێزمانیی مۆرفۆلۆجی هەیە. بۆ نموونە:

- ئەمن دەچمە مهابادێ./ ئەمنەچمە مهابادێ.(من بۆ مهاباد دەچم.)

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، ناوی مهاباد دۆخی مۆرفۆلۆجیی وەرگرتووە، کە (ێ)یە، کە مۆرفیمێکی تاکی مێی ڕێزمانییە.

- ئەنگۆ چوونە سەر گردی. (ئێوە چوونە سەرگردەکە.)

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، ناوی گرد دۆخی مۆرفۆلۆجیی وەرگرتووە، کە (ی)یە، کە مۆرفیمێکی تاکی نێری ڕێزمانییە.

- ئەوان چوونە ڕێواسا/ان.(ئەوان چوون بۆ ڕێواس ڕنین.)

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، ناوی ڕێواسان دۆخی مۆرفۆلۆجیی وەرگرتووە، کە (ا/ان)یە، کە مۆرفیمێکی کۆی نێر و مێی ڕێزمانییە.

لە دۆخی مۆرفۆلۆجیدا، گرێ ناوییەکان نیشانەدەکرێن و ئەمەش پەیوەستە بە پەیوەندیی ڕێزمانی و واتایی ڕستەکەوە[3]. هەر گرێیەکی ناویش، تەنها یەك دۆخ وەردەگرێت، ئەگینا دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕستەی ناڕێزمانی[4].

### 3-1-1 دۆخی نۆمینێتیڤ

لە ڕستەی کار ڕابردووی تێنەپەڕ و ڕانەبردووی تێنەپەڕ و تێپەڕدا، لە گوندەکانی هەرتەل و بەڕۆژە و بێناتانی سەر بە دۆڵی بالیسانی شێوەزاری خۆشناوەتیدا سەر بە شاری

---

[1]- بازیان یونس ئەحمەد (2013) پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، چاپی یەکەم ، هەولێر، چاپخانەی موکریان، ل49.

[2]- Chomsky,1986,Knowledg of Language: its nature,origin,aand use ,New York,prager,p 6.

[3]- Trask R.l.(1993) Adictionary of Grammatical terms in Linguistics. Rutledge publishing London and NEW York.p 35.

[4]- ویلیام اگریدی ،مایکل دابرولسکی،مارك ارنف (1386) در امدی بر زبان شناسی معاصر. ترجمە:علی درزی، سازمان متالعە تدوین کتب علوم انسانی و دانشگاهها سمت. تهران. ص 268.

هەولێر، گرێ ناوییەکانی کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاکی بکەر و ناوی تایبەتی دۆخی نۆمینێتیڤ وەردەگرن و نیشانەدەکرێن. [1]

لە ڕستەی کار ڕابردووی تێنەپەڕدا، مۆرفیمەکانی (ێ) بۆ نێر و (ا) بۆ مێ بەکاردێت، بۆ نموونە:

کەسی یەکەمی تاك:

بۆ نێر: - ئەزێ کەتم. (من کەوتم.)

بۆ مێ: - ئەزا کەتم. (من کەوتم.)

کەسی دووەمی تاك بۆ نموونە:

بۆ نێر: ئەتووێ کەتی. (تۆ کەوتیت.)

بۆ مێ: ئەتووا کەتی. (تۆ کەوتیت.)

کەسی سێیەمی تاك:

بۆ نێر: ئەوێ کەت. (ئەو کەوت.)

بۆ مێ:ئەوا کەت. (ئەو کەوت.)

ناوی تایبەتی نێر: حەمەدێ چوو. (حەمەد چوو.)

نموونەیەکی تر:

قاسمێ نووست. (قاسم نووست.)

ناوی تایبەتی مێ: نەسرینا ئاهاتییە. (نەسرین هاتووە.)

نموونەیەکی تر:

شیرینا ئا چوویە سەروچاوێ. (شیرین چووەتە سەروچاوە.)

لە ڕستەی کار ڕانەبردووی تێنەپەڕدا، مۆڕفیمەکانی (ێ) بۆ نێر و (ا) بۆ مێ بەکاردێت[2]، بۆ نموونە:

کەسی یەکەمی تاك:

بۆ نێر: - ئەزێ کەوم. (من دەکەوم.)

بۆ مێ: - ئەزا کەوم. (من دەکەوم.)

کەسی دووەمی تاك بۆ نموونە:

بۆ نێر: ئەتووێ کەوی. (تۆ دەکەویت.)

بۆ مێ: ئەتووا کەوی. (تۆ دەکەویت.)

کەسی سێیەمی تاك:

بۆ نێر: ئەوێ دێ. (ئەو دێت.)

بۆ مێ: ئەوا دێ. (ئەو دێت.)

---

[1]- خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول (2013) ڕستە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستانەوەدا، نامەی دکتۆرا، فاکەلتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، ل127.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل128.

لە ڕستەی کار ڕانەبردووی تێپەڕدا، مۆڕفیمەکانی (ێ) بۆ نێر و (ا) بۆ مێ بەکاردێت[1]، بۆ نموونە:

کەسی یەکەمی تاك:

بۆ نێر: - ئەزێ شۆم.     (من دەشۆم.)

بۆ مێ: - ئەزا شۆم.     (من دەشۆم.)

کەسی دووەمی تاك بۆ نموونە:

بۆ نێر: ئەتووێ شۆی.     (تۆ دەشۆیت.)

بۆ مێ: ئەتووا شۆی.     (تۆ دەشۆیت.)

کەسی سێیەمی تاك:

بۆ نێر: ئەوێ شوا.     (ئەو دەشوات.)

بۆ مێ: ئەوا شوا.     (ئەو دەشوات.)

کاتێك گرێی ناویی بکەر (جێناوی کەسیی سەربەخۆ) بوو ناتوانرێت فراوانبکرێت و دۆخی نۆمینێتیڤ وەربگرێت، چونکە دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕستەی نارێزمانی، بۆنموونە:

* کوڕێ ئەزێ هات.

* خویشکا ئەزێ هات.

بەڵام کاتێك گرێی ناویی بکەر، ناوێکی تایبەتی بێت، دەتوانرێت فراوانبکرێت و دۆخی نۆمینێتیڤ وەربگرێت، لەو کاتەدا، مۆڕفیمەکانی (ی) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ بەکاردێت و دەچنە کۆتایی گرێکە، بۆ نموونە:

- ناوی تایبەتی نێر: حەمەدێ قاسمی ئانووستییە. (حەمەدی کوڕی قاسم خەوتووە.)

-نموونەیەکی تر:

نەوزادێ سولەیمانی ئاکەتیتە بیرێ. (نەوزادی کوڕی سولەیمان کەوتووەتە بیرەوە.)

- ناوی تایبەتی مێ: نەسرینا فاتمێ ئاهاتییە. (نەسرینی کچی فاتم هاتووە.)

-نموونەیەکی تر:

شیلانا زێنەبێ ئاهاتیتۆ.     (شیلانی کچی زەینەب هاتووەتەوە.)

### 2-1-3 دۆخی ئەکیوزەتیف

دۆخی ئەکیوزەتیف ئەو دۆخەیە، کە لە ڕستەی کار ڕانەبردووی تێپەڕ، یان فەرماندانی ئاشکرا، یان ئاشکرای کار تێپەڕ بێت، بەرکاری ڕاستەوخۆ دەکەوێتە دۆخی ئەکیوزەتیفەوە و بە مۆڕفیمی توخم نیشانەدەکرێت. مۆڕفیمی (ی) بۆ تاکی نێر و (ێ) بۆ تاکی مێ و (ان/ا) بۆ کۆی نێر و مێ[2]. ڕستەی کار ڕانەبردووی تێپەڕ، بۆ نموونە:

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل129.

[2]- خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول (2013) ڕستە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا، ل 131.

بۆ تاکی نێر: ئەمن هەسپێ دینمۆ.                    (من ئەسپەکە دێنمەوە.)
-نموونەیەکی تر:
ئەتوو ئێکانێت کوشت.                    (تۆ یەکانەکەت کوشت.)
بۆ تاکی مێ: ئازاد ماینێ ئاوەدا.                    (ئازاد ماینەکە ئاودەدات.)
-نموونەیەکی تر
مەحموود مەڕێ کوژیتو.                    (مەحموود مەڕەکە دەکوژێتەوە.)
بۆ کۆی نێر و مێ:
ئەنگۆ ئاروا/انەچینن.                    (ئێوە ئاروەکان دەچێنن.)
-نموونەیەکی تر:
ئەتوو کوارگا/ ان لێکەیۆ.                    (تۆ کوارگەکان لێدەکەیتەوە.)
ڕستەی فەرماندانی ئاشکرای کار تێپەڕ، بۆ نموونە:
بۆ تاکی نێر: ئەتوو قاسمێ گاسکە.                    (تۆ قاسم بانگبگە.)
-نموونەیەکی تر:
ئەنگۆ حەمەدێ مەنێرن.                    (ئێوە حەمەد مەنێرن.)
-ئەتوو مریشکێ بکوژۆ.                    (تۆ مریشکەکە بکوژەوە.)
-نموونەیەکی تر:
ئەنگۆ مالۆسێ لە باخچێ دەرکەن.)    (ئێوە مالۆسەکە لە باخەکە بکەنە دەرەوە.)
بۆ کۆی نێر و مێ: ئەنگۆ دەرکان گارەدەن. (ئێوە دەرگاکان دابخەن.)
-نموونەیەکی تر:
ئەتوو هۆدان وەشۆ.                    (تۆ ژوورەکان بشۆ.)
ڕستەی فەرماندانی نائاشکرای کار تێپەڕ، بۆ نموونە:
بۆ تاکی نێر: دەبی ئەتوو کەرەبابێ بکڕی.    (دەبێت تۆ کەڵەشێرەکە بکڕیت.)
-نموونەیەکی تر:
دەبی ئەنگۆ هێسترێ نارکەن.    (دەبێت ئێوە ئێسترەکە ناڵبکەن.)
بۆ تاکی مێ: دەبی ئەتوو مریشکێ بکوژیۆ.    (دەبێت تۆ مریشکەکە بکوژیتەوە.)
-نموونەیەکی تر:
دەبی بەردیلێ بفرۆشی.                    (دەبێت تۆ بەرخەمێیەکە بفرۆشیت.)
بۆ کۆی نێر و مێ: دەبی ئەتوو پیارا بشۆی.    (دەبێت تۆ پیاڵەکان بشۆیت.)
-نموونەیەکی تر:
دەبی ئەنگۆ پیوازا بژارکەن.    (دەبێت ئێوە پیازەکان بژاربکەن.)

کاتێك گرێی ناویی (بەرکاری ڕاستەوخۆ) فراواندەکرێت، ئەوا مۆرفیمەکانی (ی) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ و (ان/ا) بۆ کۆی نێر و مێ بەکاردێت و دەچنە کۆتایی گرێکە، بۆ نموونە:
بۆ تاکی نێر: ئەمن هەسپێ قاسمێ دینمۆ.    (من ئەسپەکەی قاسم دێنمەوە.)
-نموونەیەکی تر:
ئەتوو کەرێ سالمێ ئاودە.                    (تۆ گوێدرێژەکەی سالم ئاوبدە.)

بۆ تاکی مێ: ئازادماینێ شیلانێ ئاوەدا.        (ئازاد ماینەکەی شیلان ئاودەدات.)
-نموونەیەکی تر:
حەلیم کراسێ نەسرینێ دروی.        (حەلیم کراسەکەی نەسرین دەدوورێت.)
بۆ کۆی نێر و مێ: ئەنگۆ کراسێ پیاوان بدروون. (ئێوە کراسەکانی پیاوەکان بدوورن.)
-نموونەیەکی تر:
ئەو پێراوێ ژنانەفرۆشی.        (ئەو پێڵاوی ژنان دەفرۆشێت.)
ڕستەی فەرماندانی ئاشکرای کار تێپەڕ، بۆ نموونە:
بۆ تاکی نێر: ئەتوو کوڕێ نزاری ببە.    (تۆ کوڕەکەی نزار ببە.)
-نموونەیەکی تر:
ئەتوو عەینەکێ حەسەنی هەگرە.    (تۆ چاویلکەکەی حەسەن هەڵگرە.)
-ئەتوو ملێ مریشکێ بخۆ.        (تۆ ملی مریشکەکە بخۆ.)
-نموونەیەکی تر:
ئەنگۆ سینگێ عەلەشیشێ بخۆن.        (ئێوە سینگی قەلەکە بخۆن.)
بۆ کۆی نێر و مێ: ئەنگۆ چارچێوێ دەرکان دروستکەن. (ئێوە چوارچێوەی دەرگاکان دروستکەن.)
-نموونەیەکی تر:
ئەتوو نەینۆکێ تڕومبێلان خاوینکۆ.        (تۆ ئاوێنەی ئۆتۆمبێلەکان پاکبکەوە.)
ڕستەی فەرماندانی نائاشکرای کار تێپەڕ، بۆ نموونە:
بۆ تاکی نێر: دەبی ئەتوو کەرەبابی حوسێنی بکڕی.    (دەبێت تۆ کەڵەشێرەکە ی حوسێن بکڕیت.)
-نموونەیەکی تر:
دەبی ئەنگۆ زەردەرووی محەمەدی ئاودەی.(دەبێت ئێوە هەڵووژەکانی محەمەد ئاوبدەن.)
بۆ تاکی مێ: دەبی ئەتوو مریشکێ خوناوێ بکوژیۆ.  (دەبێت تۆ مریشکەکەی خوناو بکوژیتەوە.)
نموونەیەکی تر:
دەبی ئەتوو بزنێ نەشمیلێ بلەوەڕینی.(دەبێت تۆ بزنەکەی نەشمیل بلەوەڕێنیت.)
بۆ کۆی نێر و مێ: دەبی ئەتوو پیارێ ژنا بشۆی. (دەبێت تۆ پیاڵەی ژنەکان بشۆیت.)
نموونەیەکی تر:
دەبی ئەنگۆ بازنێ کیژا دروستکەن.        (دەبێت ئێوە بازنەی کچان دروستبکەن.)

### 3-1-3 دۆخی داتیڤ:

لــەم دۆخـــەدا گرێـــی پێشـــناوی نیشـــانەدەکرێت. واتـــە ناوەکـــەی دوای پێشـــبەندەکە نیشانەدەکرێت[1]. مۆرفیمی (ی) بۆ تاکی نێر و (ێ) بۆ تاکی مێ و (ان/ا) بۆ کۆی نێر ومێ نیشانەدەکرێن[2]، بۆ نموونە:

بـۆ تـاکی نێر:ئـەمن دۆلکـە لـە حوسـێنی وەرگـرت. (مـن سـووراحییەکەم لـە حوسـێن وەرگرت.)

-نموونەیەکی تر:

ئەمن عەنەتریکم وە ئازادی داوۆ. (من لایتەکەم بە ئازاد دا.)

بۆ تاکی مێ: ئالیکێ لۆ بەرخێ ببە. (ئالیك بۆ بەرخەکە ببە.)

-نموونەیەکی تر:

قەراسێ لە هێستریَ کۆ. (زنجیرەکە لە ئێسترەکە بکەوە.)

بۆ کۆی نێر و مێ: سامان گورانـەچینی. (سامان گوڵەکان دەچێنێت.)

-نموونەیەکی تر:

نازدار شینابیان ئاوەدا. (نازدار شیناوەردەکان ئاودەدات.)

کاتێــك گرێکــە فراوانــدەکرێت، ئــەوا مــۆرفیمی (ی) بــۆ تــاکی نێــر و (ێ) بــۆ تاکی مێ و (ان/ا) بۆ کۆی نێر ومێ بەکادێت و دەچێتە کۆتایی گرێکە، بۆ نموونە:

بۆ تاکی نێر:ئەمن کورتان لۆ کـەرێ ئـازادی کـری. (من کورتانەکـەم بۆ گوێدرێژەکـەی ئازاد کری.)

-نموونەیەکی تر:

ئەتوو دەرمان لۆ لاقێ شێرزادی هینا. (تۆ دەرمانەکەت بۆ قاچی شێرزاد هێنا.)

بـۆ تـاکی مـێ: کـاروانی خڕیلـە لـۆ کـەوێ هـەمینێ ئاهینایـە. (کـاروان بەکرەکـەی بۆ کەواکەی هەمین هێناوە.)

-نموونەیەکی تر:

دختـۆری مەرحـەم لـۆ چـاوێ نـازەنینێ ئاپەیداکردییـە.(پزیشـکەکە هەتوانەکـەی بـۆ چاوی نازەنین پەیداکردووە.)

بـۆ کـۆی نێـر و مـێ: سـامان زبـری لـۆ کـەدینێ گورانـــ دینـی. (سـامان پـەیین بۆمەرکانی گوڵەکان دێنێت.)

-نموونەیەکی تر:

عـــەلی برغـــی لـــۆ دەســـکێ دەرکـــان پەیاکە.(عـــەلی برغـــوو بۆدەســـکی دەرگاکـــان پەیدادەکات.)

---

[1]ـ مزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد (2006) دۆخی ئێرگەتیڤ لە زمانی کوردیدا- کرمانجی سەروو، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، ل46.

[2]ـ خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول (2013) ڕستە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا لە ڕوانگەی دەسەڵات و بەستنەوەدا، ل132.

## 3-1-4 دۆخی خستنەسەر:

لـــە دۆخـــی خستنەســـەردا، کـــە گرێکـــە فراوانکـــراوە، ئـــەو نـــاوەی بووەتـــە دیارخـــەر نیشـــانەدەکرێت. مـــۆرفیمی (ی) بـــۆ تـــاکی نێـــر و (ێ) بـــۆ تـــاکی مـــێ و (ان/ا) بۆ کۆی نێر و مێ[1]. بۆ نموونە:

بۆ تاکی نێر: ئەتوو لاقێ بەرانی دەرمانکە. (تۆ قاچی بەرانەکە دەرمانکە.)

نموونەیەکی تر:

ئەنگۆ پشتێ کارزانی تیمارکەن. (ئێوە پشتی کارزان تیماربکەن.)

بۆ تاکی مێ: ئەمن کراسێ شیلانێ درووم. (من کراسەکەی شیلان دەدوورم.)

-نموونەیەکی تر:

ئەو کەوێی نەسرینێ شوا. (ئەو کەواکەی نەسرین دەشوات.)

بۆ کۆی نێر و مێ: ئەو پێراوێ ژنافرۆشی. (ئەو پێڵاوی ژنان دەفرۆشێت.)

-نموونەیەکی تر:

ئەوان کانیێ پیاوا خاوینەکەنۆ. (ئەوان کانیی پیاوان پاکدەکەنەوە.)

## 3-1-5 دۆخی کات:

لەم دۆخەدا ئاوەڵکارە کاتەکان دۆخ وەردەگرن و کاتی ئەنجامدانی کارەکە دیاردەکەن. دۆخەکە بە مۆرفیمی (ی) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ نیشانەدەکرێت، بۆ نموونە:

بۆ نێر:هێوارەکی قاسم وەدەرکەت. (ئێوارەیەك قاسم دەرکەوت.)

-نموونەیەکی تر:

سبەینەکی شیلان هات. (بەیانییەك شیلان هات.)

بۆ مێ: ئەو شەوێ چیتۆ. (ئەو بەشەو دەچێتەوە.)

-نموونەیەکی تر:

شیلان هاوینێ دێتۆ. (شیلان بەهاوین دێتەوە.)

لە دۆخی کاتدا، ناشێت گرێکە فراوانبکرێت و دۆخ وەربگرێت.

## 3-1-6 دۆخی شوێن:

لەم دۆخەدا ئاوەڵکارە شوێنییەکان نیشاندەکرێن و شوێنی ئەنجامدانی کارەکە دەستنیشاندەکات و پێشگرێك بەشداری ڕۆنانی ئاوەڵکارەکە دەکات[2]. دۆخەکە بە مۆرفیمی (ی) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ نیشاندەکرێت، بۆ نموونە:

بۆ نێر:بنی پیسمەکە. (ژێرەوەی پیسمەکە.)

-نموونەیەکی تر:

تەنیشتی بگرە. (تەنیشتی بگرە)

---

[1]- ڤیان سلێمان حاجی (2009) کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ل126.

[2]- مزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد (2006) دۆخی ئێرگەتیڤ لە زمانی کوردیدا- کرمانجی سەروو، ل47.

بۆ مێ: ئەتوو هەڕووە خوارێ.     (تۆ بچۆرە خوارەوە.)
-نموونەیەکی تر:
ئەتوو مەچوە سەرێ.                  (تۆ مەچۆرە سەرەوە.)

کاتێك گرێکە فراواندەکرێت، ئەوا مۆرفیمی (ی) بۆ تاکی نێر و (ێ) بۆ تاکی مێ و (ان/ا) بۆ کۆی نێر ومێ بەکادێت و دەچێتە کۆتایی گرێکە، بۆ نموونە:

بۆ نێر:بنێ سۆبەی پیسمەکە.               (ژێرەوەی زۆپاکە پیسمەکە.)
بۆ مێ: ئەتوو هەڕووە خوارێ گاڕانێ.    (تۆ بچۆرە خوارەوهی گاڕانەکە.)
بۆ کۆی نێر و مێ:سەرێ دارا قیتکۆ.       (سەری دارەکان بەرزبکەوە).

### 7-1-3 دۆخی بانگکردن:

بانگکردن بارێکی ڕستەسازییە و لە ڕێگەی چەند گیرەکێکەوە دێتەئاراوە بە مەبەستی بانگکردنی ناوێك. ئەم دۆخە لە شێوازی نووسینی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست هەیە[1]. مۆرفیمی (ە) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ و (ینە) بۆ کۆی نێر و مێ بەکاردێت. بۆ نموونە:

بۆ نێر: کوڕە وەرە.
مۆرفیمی مێ: پوورێ کفتەمان بۆ لێنێ.
مۆرفیمی کۆی نێر و مێ: کوڕینە تێبکۆشن.

لە شێوەزارەکانی خۆشناوەتی، ڕواندز، پشدەر، باڵەکایەتی و موکریانیی دیالێکتیی ناوەڕاستدا، مۆرفیمی بانگکردن بۆ نێر بریتییە لە (ۆ)، بۆ نموونە:

-مامۆهەڕووە مارا مە.  (مامە بچۆرە ماڵی ئێمە.)
-نموونەیەکی تر:
بابۆ سرقا بینە.               (باوکە سڵقەکان بێنە.)

کاتێك گرێکە فراواندەکرێت، ئەوا مۆرفیمی (ی) بۆ تاکی نێر و (ێ) بۆ تاکی مێ بەکادێت و دەچێتە کۆتایی گرێکە، بۆ نموونە:

بۆ نێر: کوڕێ حەمەدی وەرە.
-نموونەیەکی تر:
بابێ نەوزادی هەڕۆوە مارێ.        (باوکی نەوزاد بڕۆرەوە ماڵەوە.)
مۆرفیمی مێ: پلکێ شلێرێ کفتانن لۆ لێنێ.    (پووری شلێر کفتەمان بۆ لێنێ.)

### 8-1-3 دۆخی ئێرگەتیڤ

دۆخی ئێرگەتیڤ لە شێوەزارەکانی خۆشناوەتی، ڕواندز، پشدەر، باڵەکایەتی لە زاری کرمانجی ناوەڕاستدا هەیە. ئێرگەتیڤ بریتییە لەوەی "لە یەك ئاستدا بکەری کاری تێنەپەڕ لە

[1]- بازیان یونس ئەحمەد (2013) پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، چاپی یەکەم ، هەولێر، چاپخانەی موکریان، ل183.

هەمان بارودۆخ و کاتدا وەکو بەرکاری کاری تێپەڕ بێت و هەردووکیان جیاوازبن لە بکەری کاری تێنەپەڕ .[(1)]

### 3-1-8-1 ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆجی:

لەئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆجیدا،، بکەری کاری ڕابردووی تێپەڕ نیشانەدەکرێت، لە هەمان کاتدا، بکەری کاری تێنەپەڕ و بەرکاری ڕاستەوخۆی کاری تێپەڕ نیشانەناکرێن[(2)]. واتە "بکەری ڕستەی کار ڕابردووی تێنەپەڕ و بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەی کار ڕابردووی تێپەڕ ڕەفتاری یەکسانیان دەبێت و لە دۆخی ئەبسۆلوتیڤدا دەبن. لە بەرامبەردا، کارای ڕستەی کار ڕابردووی تێپەڕ ڕەفتاری جیاوازی دەبێت و مۆرفۆلۆجییانە نیشانەدەکرێت و لە دۆخی ئێرگەتیڤدا دەبێت[(3)]." بەم پێیە ناوی نێر مۆرفیمی (ی) و ناوی مێ مۆرفیمی (ێ) و ناوی کۆی نێر و مێ مۆرفیمی (ان/ا) وەردەگرن. بۆ نموونە:

أ- ئیدریسی خانی سواقدا. (ئیدریس خانووەکەی سواخدا.)

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، کاری (سواقدا)، کارێکی ڕابردووی تێپەڕە. کارا (ئیدریس) بە مۆرفیمی نێری(ی) نیشانەکراوە و لە دۆخی ئێرگەتیڤدایە، بەڵام بەرکاری ڕاستەوخۆ (کاروان) لە دۆخی ئەبسۆلوتیڤدایە و نیشانەنەکراوە.

نموونەیەکی تر:

ب- ئەسمەرێ گندۆرە لێکردۆ. (ئەسمەر کاڵەکەکەی لێکردەوە.)

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، کاری (لێکردۆ)، کارێکی ڕابردووی تێپەڕە. کارا (ئەسمەر) بە مۆرفیمی مێی(ێ) نیشانەکراوە و لە دۆخی ئێرگەتیڤدایە، بەڵام بەرکاری ڕاستەوخۆ (گندۆرە) لە دۆخی ئەبسۆلوتیڤدایە و نیشانەنەکراوە.

نموونەیەکی تر:

پ- جۆتیاران حارد کێڵا. (جووتیارەکان زەوییەکەیان کێڵا.)

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، کاری (کێڵا)، کارێکی ڕابردووی تێپەڕە. کارا بە مۆرفیمی کۆی نێر و مێ (ان) نیشانەکراوە و لە دۆخی ئێرگەتیڤدایە، بەڵام بەرکاری ڕاستەوخۆ (حارد) لە دۆخی ئەبسۆلوتیڤدایە و نیشانەنەکراوە.

لە هەرسێ ڕستەی ( أ،ب،پ) دا، کاراکان نیشانەکراون و لە دۆخی ئێرگەتیڤدان.

لە بەرامبەر ئەو سێ ڕستەیەدا، بکەری ڕستەی کار ڕابردووی تێنەپەڕ، وەکو بەرکاری ڕاستەوخۆی کار ڕابردووی تێپەڕی هەر سێ ڕستەکەی سەرەوە نیشانەناکرێت و لە دۆخی ئەبسۆلوتیڤدا دەبێت، بۆ نموونە:

---

[1]- مزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد (2006) دۆخی ئێرگەتیڤ لە زمانی کوردیدا- کرمانجی سەروو، ل26.

[2]- فاتیمه دانش پژوه (1389) ارگتیو در زبان کردی کرمانجی (بادینی)، سورانی و هورامی، تهران، ص25.

[3]- خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول (2013) ڕستە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا لە ڕوانگەی دەسەڵات و بەستنەوەدا، ل137.

ب- کاروان پیرکژی.    (کاروان پژمی.)
ج- شلێر ساوۆ.         (شلێر حەسایەوە.)

لە دوو ڕستەی (ب،ج) دا، بکەر کار ڕابردووی تێنەپەڕ نیشانەنەکراون و لە دۆخی ئەبسۆلوتیڤدا دەبن.

کاتێـك گرێکـە فراوانـدەکرێت، ئـەوا مـۆرفیمی (ی) بـۆ تـاکی نێـر و (ێ) بـۆ تـاکی مێ و (ان/ا) بۆ کۆی نێر و مێ بەکادێت و دەچێتە کۆتایی گرێکە، بۆ نموونە:

أ- ئیدریسی سابیری خانی سواقدا. (ئیدریسی کوڕی سابیر خانووەکەی سواخدا.)
-حەمەدی قاسمی مەکینە خاوینکردۆ.        (حەمەدی کوڕی قاسم تراکتۆرەکەی پاککردەوە.)

نموونەیەکی تر:

ئەسمەرێ کەوسەرێ گندۆرە لێکردۆ.   (ئەسمەری کچی کەوسەر کاڵەکەکەی -ب لێکردەوە.)
-شیرنێ عەیشێ چەقەلە هینان.  (شیرینی کچی عەیش چواڵەکانی هێنا.)

نموونەیەکی تر:

پ- جۆتیارێ گوندان حارد کێڵان.   (جووتیاری دێیەکان زەوییەکانیان کێڵا.)
-ئاوێ ماران هاتیتۆ. (ئاوی ماڵەکان هاتووەتەوە.)

## 3-2 گرێی ناوی و ڕێککەوتن

لە زماندا، دوو جۆر ڕێککەوتن هەیە. یەکێکیان ڕێککەوتنی ڕێزمانییە، کە بریتییە لە ڕێککەوتن لە نێوان سیما ڕێزمانییەکانی وەکو (کەس، ژمارە و توخم). زمان هەیە لە هەر سێ سیماکە ڕێککەوتنی هەیە، هەشە کەمتر. لە دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاستدا، ڕێککەوتنی ڕێزمانی لە سنووری ڕستەدا هەیە. ئەوی تر ڕێککەوتنی واتایە، کە کەرەستەکان لە ڕووی لۆجیکەوە لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەون(1). بکەر و بەرکار، کە هەردووکیان گرێی ناوین، ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕێککەوتندا دەگێڕن.

بۆ نموونە:

براکانی من نووستن.    -

لە ڕووی ڕێزمانییەوە لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، گرێی ناویی بکەر، کە (براکانی من) ـە، لە ڕووی کەس و ژمارەوە سێیەمە و کۆیە. بە هەمان شێوە کاری ڕستەکەش، کە (نووستن)ـە، کلیتیکی بکەری کەسی سێیەمی کۆی وەرگرتووە، کە (ن)ـە.

لە ڕووی واتاوە، براکانی من بکەری لۆجیکی و ڕاستەقینەی ڕستەکەیە و زیندووە و توانای ئەوەیان هەیە، کە بنوون.

---

1- ڤیان سلێمان حاجی (2001) ڕێککەوتن لە شێوەی ژوورووی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر،کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ل26.

بەم پێیە ڕستەکە لە ڕووی ڕێزمان و واتاوە لەگەڵ یەکتر ڕێککەوتوون.
نموونەیەکی تر:
کوڕەکەی کارزان ڕۆیشت.
لە ڕووی ڕێزمانییەوە لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، گرێی ناویی بکەر، کە کوڕەکەی کارزانە، لە ڕووی کەس و ژمارەوە سێیەمە و تاکە. بە هەمان شێوە کاری ڕستەکەش، کە (ڕۆیشت)ـە، کلیتیکی بکەری کەسی سێەمی تاکی وەرگرتووە، کە سفرە.
لە ڕووی واتاوە، کوڕەکەی کارزان بکەری لۆجیکی و ڕاستەقینەی ڕستەکەیە و زیندووە و توانای ئەوەی هەیە، کە بڕوات.
بەم پێیە ڕستەکە لە ڕووی ڕێزمان و واتاوە لەگەڵ یەکتر ڕێککەوتوون.
نموونەیەکی تر:
*پەنجەرەکەی سابیر پێدەکەنێت.
لە ڕووی ڕێزمانییەوە لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، گرێی ناویی بکەر، کە پەنجەرەکەی سابیرە، لە ڕووی کەس و ژمارەوە سێیەمە و تاکە. بە هەمان شێوە کاری ڕستەکەش، کە (پێدەکەنێت)ـە، کلیتیکی بکەری کەسی سێیەمی تاکی وەرگرتووە.
لە ڕووی واتاوە، پەنجەرەکەی سابیر بکەری لۆجیکی و ڕاستەقینەی ڕستەکە نییە و نازیندووە و توانای ئەوەی نییە، کە پێبکەنێت.
بەم پێیە ڕستەکە لە ڕووی واتاوە لەگەڵ یەکتر ڕێکنەکەوتوون.
ئەگەر گرێی ناوی بریتی بوو لە جێناوی کەسی جودا، ئەوا دەشێت بە کلیتیك (جێناوی لکاو) جێگیربکرێت. ئەم کلیتیکەش ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕێککەوتندا دەگێڕێت.
جێناوە کەسییە جوداکان بریتین لە:
من: کەسی یەکەمی تاك.
تۆ: کەسی دووەمی تاك.
ئەو: کەسی سێیەمی تاك.
ئێمە: کەسی یەکەمی کۆ.
ئێوە: کەسی دووەمی کۆ.
ئەوان: کەسی سێیەمی کۆ.
ئەم جێناوە کەسییە جودایانە بە جێناوی لکاو جێگیر دەکرێن. جێناوە لکاوەکانیش دەکرێن بەم کۆمەڵانەوە:
کۆمەڵەی خاوەنیەتی بریتین لە:
م: جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك.
ت: جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك.
ی: جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێەمیەمی تاك.
مان: جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ.
تان: جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ.
یان: جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ.

کۆمەڵەی ڕێککەوتن بریتین لە:
م: جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك.
یت/ی: جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك.
-، ات، ێت/ێ،ات/ ا، یتن: جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێەمیەمی تاك.
ین: جێناوی لکانوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ.
ن: جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ.
ن: جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ.

### 1-2-3 ڕێککەوتنی بکەر و کار لەگەڵ یەکتردا:

لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا، بکەر و کار لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەون لەم بارانەی خوارەوەدا:

- ئەگەر کاری ڕستە ڕابردووی تێنەپەڕ بێت، ئەوا بکەر و کار لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەون، بۆ نموونە:

ئێمەی دڵسۆز هاتین.
1کۆ 1کۆ

بکەر (ئێمەی دڵسۆز) ، کە کەسی یەکەمی کۆیە، کلیتیکی بکەری (ین) ی وەرگرتووە، کە کەسی یەکەمی کۆیە.

- ئەگەر کاری ڕستە ڕانەبردووی تێنەپەڕ بێت، ئەوا بکەر و کار لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەون، بۆ نموونە:

ئێوەی ماندوو دەحەسێنەوە.
2کۆ 2کۆ

بکەر (ئێوەی ماندوو)، کە کەسی دووەمی کۆیە، کلیتیکی بکەری (ن) ی وەرگرتووە، کە کەسی دووەمی کۆیە.

- ئەگەر کاری ڕستە ڕانەبردووی تێپەڕ بێت، ئەوا بکەر و کار لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەون، بۆ نموونە:

تۆی زیرەك نامەکە دەنووسیت.
2تاك 2تاك

بکەر (تۆی زیرەك)، کە کەسی دووەمی تاکە، کلیتیکی بکەری (یت) ی وەرگرتووە، کە کەسی دووەمی تاکە.

- لە ڕستەی فەرماندانی ئاشکرادا، بکەر و کار لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەون، بۆ نموونە:

ئێوەی قارەمان بخوێنن.
2کۆ 2کۆ

بکەر (ئێوەی قارەمان)، کە کەسی دووەمی کۆیە، کلیتیکی بکەری (ن) ی وەرگرتووە، کە کەسی دووەمی کۆیە.

- له ڕستەی فەرماندانی نائاشکرادا، بکەر و کار لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەون، بۆ نموونە:

دەبێت <u>منی دڵسووتاو</u> بۆ پرسەکە <u>بچم</u>.

1تاك 1تاك

بکەر (منی دڵسووتاو)، کە کەسی یەکەمی تاکە، کلیتیکی بکەری (م) ی وەرگرتووە، کە کەسی یەکەمی تاکە.

### 3-2-2 ڕێککەوتنی بکەر و بەرکار لەگەڵ یەکتردا:

له ڕستەی کار ڕابردووی تێپەڕدا، بکەر و بەرکار لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەون[1]. بۆ نموونە:

منی میوان سێوەکەم خوارد.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، بکەر (منی میوان) ، کە کەسی یەکەمی تاکە، کلیتیکی بکەری (م) ی وەرگرتووە، کە کەسی یەکەمی تاکە و لەگەڵ بەرکاردا ڕێککەوتوون، بەڵام ئەگەر بەرکار باسنەکرێت، لەم بارەدا ، ئەوا کلیتیکی بکەری (م) بۆ سەر کار دەگوازرێتەوە و دەبێتە:

منی میوان خواردم. ئەو کاتە ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و کار دەبێت.

### 3-2-3 ڕێککەوتنی بەرکار و کار لەگەڵ یەکتردا:

لە شێوەزارەکانی خۆشناوەتی، ڕواندز، پشدەر، باڵەکایەتی و موکریانیی دیالێکتی ناوەڕاست لە ڕستەی کار ڕابردووی تێپەڕدا، بەرکار و کار لە کەسی سێیەمی تاك و کۆ لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەون[2]، کە ئەمەش بە ئێرگەتیڤ ناسراوە[3]. بۆ نموونە:

ئەمن دۆشەکێ گچکەم هینا. (من دۆشەکەبچووکەکەم هێنا.)

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، بەرکار و کار لەگەڵ یەکتر ڕێککەوتوون. بەرکار کەسی سێیەمی تاکە و مۆرفیمی کاریش بەرکاری کەسی سێیەمی تاك سفرە.

نموونەیەکی تر:

ئەمن دۆشەکێ گەورەم هینان. (من دۆشەکەگەورەکانم هێنا.)

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، بەرکار و کار لەگەڵ یەکتر ڕێککەوتوون. بەرکار کەسی سێیەمی کۆیە و کاریش کلیتیکی بەرکاری کەسی سێیەمی کۆ(ن) ی وەرگرتووە.

### 3-2-4 ئێرگەتیڤی سینتاکسی

---

[1]- وریا عومەر ئەمین (2004) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل163.
[2]- خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول (2007) بەرکار لە زمانی کوردیدا بە پێی ڕێبازی فۆڕمی، ل73.
[3]- وریا عومەر ئەمین (2004) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل164.

ئێرگەتیڤی سینتاکسی لەسەر پێوەری (بەرکاری ڕاستەوخۆ/ بکەر) کاردەکات. ئەم جۆرە ئێرگەتیڤە لە ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆزدا هەیە. لە ڕستەی لێکدراوو ئاڵۆزی کار تێپەڕدا، بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەی سادەی یەکەمی ڕستەی لێکدراو، کە لە ڕستەی سادەی دووەمی ڕستە لێکدراوەکە دەبێتە بکەر دەکرتێنرێت[1]،[2]. نموونە بۆ

ڕستەی لێکدراو:

قاسم مایەنەکەی نەوزاد ی بەستەوەو...... حیلاندی.

بەرکاری ڕاستەوخۆ بکەر

نموونە بۆ ڕستەی ئاڵۆز:

.(شیلان، کە قازەکەی کاروانـــی داکرد، ...... قیڕاندی.)

---

[1]- خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول (2013) ڕستە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا لە ڕوانگەی دەسەڵات و بەستنەوەدا، ل147.

[2]- مزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد (2006) دۆخی ئێرگەتیڤ لە زمانی کوردیدا- کرمانجی سەروو، ل82.

# ئەنجام

## ئەنجام

١- گرێ دانەیەکی سینتاکسییە، لە ڕستە بچووکترە و دەشێت لە وشەش گەورەتربێت و سەر بە زانستی ڕستەسازییە، کە ئەویش لقێکی لاوەکی زمانەوانییە.

٢- گرێ دەبێتە چەند جۆرێک لەوانە:(گرێی ناوی، گرێی کاری، گرێی ئاوەڵکاری، گرێی ئاوەڵناوی و گرێی بەند).

٣- گرێ دەکرێ لە وشەیەک، یان زیاتر لە وشەیەک پێک بێت.

٤- گرێ سەرچاوەی دروستبوونی ڕستەیە، ئەگەر گرێ نەبێت، ڕستە دروستنابێت.

٥- گرێی ناوی لە ڕووی ڕۆنانەوە دەبێتە سێ جۆر لەوانە:(گرێی ناوی سادە، گرێی ناوی لێکدراو، گرێی ناوی ئاڵۆز).

٦- گرێی ناوی دەتوانرێت بێسنوور فراوان بکرێت، ئەویش بەهۆی مۆڕفیمەکانی خستنەسەری(ی، ە)، یان لەپێش سەرە بەبێ مۆڕفیمی خستنەسەر.

٧- دەتوانرێت سەرەی گرێی ناوی بەهۆی دیارخەرەکانی پێش سەرە، وەک:(ناو، بریناو، ئامرازی دەرهاویشتن، جێناوی نیشانە، ژمارە، ڕادە، مۆڕفیمی پرس، وشەی نازناو، وشەی نەفی، ئاوەڵناوی پلەی باڵا، ناوی ئاوەڵکار، ژمارەی کەرتی، زیاتر لە کەرەسەیەك) فراوانبکرێت.

٨- دەتوانرێت سەرەی گرێی ناوی بەهۆی دیارخەرەکانی دوای سەرە، وەک: (نازناو، ئاوەڵناو، ناو، چاوگ، جێناوی کەسی سەربەخۆ، جێناوی کەسی لکاو، لاڕستە، جێناوی نادیار، خاوەندارێتی زگماك، نیشانەی کۆ، ڕادە، ژمارە، وشەی نازناو، نیشانەی ناسراوی، نیشانەی نەناسراوی، نیشانەی کۆ و ناسراوی، ئاوەڵناوی پلەی بەراورد، ئامرازی پرس، ئاوەڵکارئامرازی پەیوەندی)فراوانبکرێت.

٩- گرێی ناوی ئاڵۆز، کە جۆرێکە لە جۆرەکانی گرێی ناوی دەبێتە هۆی دروست بوونی لێڵی سینتاکسی، کە ئەوەش وای لێدەکات بچێتە ناو بابەتی سینتاکس و واتاسازی.

10- گرێی ناوی دەشێت ناوێك، یان ناوئاسایەك بێت.

11- لە شێوەزارەکانی خۆشناوەتی، ڕواندز، پشدەر، بالەکایەتی و موکریانیی دیالێکتی ناوەڕاستدا، گرێی ناوك دۆخەکانی نۆمینێتیڤ، ئەکیوزەتیف، داتیڤ، خستنەسەر، کات، شوێن، بانگکردن و ئێرگەتیڤ وەردەگرێت، بەڵام کاتێك گرێکە فراواندەکرێت، ئەوا گرێی فراوانکراو دەشێت دۆخەکانی نۆمینێتیڤ، ئەکیوزەتیف، داتیڤ، شوێن، بانگکردن و ئێرگەتیڤ وەربگرن.

12- لەبارەی ڕێککەوتنەوە، بکەر و کار، بکەر و بەرکار لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەون. هەروەها لە شێوەزارەکانی خۆشناوەتی، ڕواندز، پشدەر، بالەکایەتی و موکریانیی دیالێکتی ناوەڕاستدا، بەرکار و کار لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەون. ئەمەش پێیدەوترێت ڕێککەتنی ئێرگەتیڤی.

13- ئێرگەتیڤی سینتاکسی لە ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆزدا هەیە.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## یەکەم: بە زمانی کوردی


1. ئاوات فەرحان وەسمان (٢٠١٠)، ڕۆڵی وریا عومەر ئەمین لە بواری زمانەوانیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
2. ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠٢٠)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، چاپی سێیەم، چاپخانەی جەنگەڵ، تاران.
3. ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)(2004)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی.
4. أحمد حسن فتح الله(1990)، بکـــــەر وەك بەشێکی سەرەکی ڕستـــە لە زمانی کوردی دا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین.
5. بازیان یونس ئەحمەد (2013) پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، چاپی یەکەم ، هەولێر، چاپخانەی موکریان.
6. تاریق سالّح (٢٠٠٨)، چەند سەرنجێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
7. تالّیب حوسێن عەلی(2014)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
8. تەوفیق وەهبی(1929)، دەستووری زمانی کوردی ، جیزمی یەکەم، دار الطباعة الحدیثة، بەغدا.
9. چیا عەلی مستەفا (٢٠٠٨)، ڕادە و ئەرکی سینتاکسی و سیمانتیکی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە.
10. حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠)، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
11. خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول (2007) بەرکار لە زمانی کوردیدا بە پێی ڕێبازی فۆرمی، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زتنکۆی سەلاحەدین.
12. خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول (2013) ڕستە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا لە ڕوانگەی دەسەڵات و بەستنەوەدا، نامەی دکتۆرا، فاکەلتیی ئاداب، زانکۆی سۆران.
13. دیار علی کمال(2002)، ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی پەروەردە.
14. ڕەفیق شوانی (٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
15. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
16. سازان زاهیر سەعید(2020)، نواندنی سینتاکسسی لە زمانی کوردییدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی.
17. سەباح ڕەشید قادر(2009) ، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
18. شوان حەیدەر حەسەن (٢٠١٥)، ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.

19. شیرزاد سعید صدیق (2008) ڕستەی زمانی کوردی بە پێی تیۆری کاتیگۆری و پێوانەی هالیدەی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
**20.** صلاح حوێز رسوڵ(2006)، ڕستەسازی و واتاسازی (بوون)، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
21. عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان(2009)، فرێزی بەند لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە.
22. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، نامەی *ماستەر*، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
23. عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٣)، وشەسازی زمانی کوردی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی دووەم، هەولێر.
24. فاتیمە دانش پژوهـ (1389) ارگتیو در زبان کردی کرمانجی (بادینی)، سورانی و هورامی، تهران.
25. فاضل نیزامەددین (١٩٧٧)، فەرهەنگی ئەستێرە گەشە، دار الثقافة و النشر الکردیة، بغداد.
26. فوئاد ڕەشید بەکر (٢٠٠٥)، فەرهەنگی فوئاد، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
27. ڤیان سلێمان حاجی (2009) کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
28. ڤیان سلێمان حاجی(2001)، ڕێککەوتن لە شێوەی ژووری زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەددین.
29. ک.ک. کوردۆیێف (1984) ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وەرگێڕانی کوردسان موکریانی،هەولێر.
30. کۆمەڵێک لە مامۆستایانی زمانی کوردی(٢٠١٢) فەرهەنگی هەرزە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
31. کۆمەڵێک مامۆستا(٢٠٠٧)، فەرهەنگی هەراشان، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
32. لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە(2020)، زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی دەیەمی ئامادەی، چاپخانەی ڕۆسکا، هەولێر.
33. محمود فتح الله (1988)، کار تەواوکردن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.
34. محەمەد ڕەزای باتینی (1993) ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، وەرگێڕانی حەسەنی قازی، سوید.
35. محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شێروان حوسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
36. مرتضى جواد باقر (2002) مقدمه فی نظریه القواعد التولیدیه، دار الشروق، الاردن.
37. مزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد (2006) دۆخی ئێرگەتیڤ لە زمانی کوردیدا- کرمانجی سەروو، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە.
38. مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم (1390)، دیوانی مەحوی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئانا، تاران.

39. مەحەمەدی مەحوی (٢٠٠٠)، چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژیی ڕێزمانی کوردی و ڕێزمانی عارەبیی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی ژین، سلێمانی.
40. مەلا عەبدولکەریم مدرس و فاتح عەبدولکەریم (١٣٨٣)، دیوانی نالی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئازەربایجانی غەربی، چاپی دووەم، سەردەشت.
41. نعمان بوقره (٢٠١٦)، ئاراستەکانی زمانەوانی نویٚ( لە سۆسێرەوە تا چۆمسکی)، وەرگێرانی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
42. نوری عەلی ئەمین (٢٠١٢)، ڕێزمانی کوردی، ڕێکخستن و لەچاپدانەوەی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
43. نوری عەلی ئەمین(1960)، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.
44. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠٠٧)، چەند بابەتێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید(ئازاد هەورامی)، کەرکوک.
45. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٥)، ڕێزمانی کوردی، چاپی حەوتەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
46. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٧)، ڕستەسازی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
47. نەوام چۆمسکی (٢٠٢٠)، ڕۆنانە سینتاکسییەکان، وەرگێرانی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
48. وریا عومەر ئەمین (2004) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
49. وریا عومەر ئەمین (١٩٩٥)، لێڵی لە زماندا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نویٚ، ژ ١٣٦، بەغدا.
50. وریا عومەر ئەمین(2004)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
51. یوسف شریف سعید (1990) دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

## دووەم: بە زمانی ئینگلیزی

52. Blak,Barry (2004) case.2nd.United Kingdom:sindicate of the Universty of cambridage.
53. Chomsky,1986,Knowledg of Language: its nature,origin,aand use ,New York,prager.
54. Fattah, M,M.(1997), A generative grammar of Kurdish, University of Amsterdam.
55. Muhammmmad salih Barwari (2004) Astudy of GB theory, with refrence to English and Kurdish.C ollege of arts, University of salahadin.
56. Trask R.l.(1993) Adictionary of Grammatical terms in Linguistics. Rutledge publishing London and NEW York.

## سێیەم: بە زمانی فارسی

61- ویلیام اگریدی ،مایکل دابرولسکی،مارك ارنف (1386) در امدی بر زبان شناسی معاصر. ترجمه:علی درزی، سازمان متالعه تدوین کتب علوم انسانی و دانشگاهها  سمت. تهران.